**المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية** ص:60-91
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# هەوڵێک بۆ نووسینەوەی ژیان و بەسەرهاتی دۆسفی یاسکە (1593-1630)

ئیرەج مورادی باقلاوایی
بانکی کشتوکاڵ، سەردەشت، ئێران
Email: Komasy2706@gmail.com

**پوختە:**

نووسینەوەی مێژووی کورد بەتایبەت بەرهەمی ئەدەبیی شاعیران و زانایانمان، بەهۆی پرژوبڵاوی دەستنووس و بەڵگەکانیان هێشتا وەک پێویست یەک نەخراوەتەوە و نەنووسراوە. یەک لەوانە یۆسف یاسکەیە (مردن: ١٠٤٠ کۆچی/ ١٦٣٠ ز.). یاسکە (کورتکراوی یاسەمین) کارەکەر و نانکەری قەڵای پاڵنگان لە سەردەمی هەڵۆخانی ئەردەڵاندا بووە. ئەویش شیعری هەیە و دەکرێت وەک یەکەم شاعیری قوتابخانەی شێعری گۆران ئەژمار بکرێت. یۆسف لاوێکی جوانخاس، دەنگخۆش و سەماکارێکی نموونە بووە و بە مامۆستای بێ¬وێنەی سیاچەمانە دادەنرێت. لە منداڵییەوە لەگەڵ خان ئەحمەد خان خوێندوویەتی و گەورە بووە. واتا هەمان ١٠٠٠-١٠٠٢ کۆچی لەدایک بووە. لە شیعرێکیدا باسی بەندکرانی لە زیندانی (خان ئەحمەد خان خانی نامۆر)ـ کردووە و خۆی بە یۆسفی چاڵی کەنعان شوبهاندووە. سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کاتێک دەنگۆی پێوەندی دڵداری نێوان کڵاوزەڕ هاوسەری خان ئەحمەد خان و یۆسف یاسکە بڵاو بووەتەوە، خان سەرەتا زیندانیی و دوایی زیندەبەچاڵی دەکات. ئەو شاعیرە لەسەر زاری خەڵک بە یۆسۆ یاسکە، وێسو یاسکە، یۆسوو یاسکە و وسوو ئاسکە ناسراوە. لە سەرجەم ناوچەکانی ئەردەڵان، هەورامان و شارەزوور باس و چیرۆکی یۆسف یاسکە هێشتاکە لەسەر زاراندا ماوە. لە پاڵ سەرچاوە و دەستنووسەکان، گێڕانەوەکانیش بەشێک لە وێنەی ژیانی ئەو شاعیرەمان بۆ ڕاست دەکەنەوە. چیرۆکی بەسەرهاتی یۆسفی یاسکە جیا لە گێڕانەوەی سەرزاران، هێشتاکە لە باس و ناونیشانی شوێنەواری جوغرافیایی و مێژوویی چەند شوێنی کوردەواریدا بەرچاو دەکەوێت، وەکوو شاخی وێسووتەڵەشن و چنارەکەی وێسوویاسکەلە لە زێران، قەڵای وسوو ئاسکە لە دەربەندی زمکانی لای ڕانیە، یاگەو وێسووو یاسکە لە مەڵەخوردی زەڵم، کانی خان ئەحمەد خان (شوێنی لادانی خان و یۆسف یاسکە) لە ئاوایی بەلەبزانی لای نەوسوو، شوێنی زیندەبەچاڵی یۆسف ئاسکەی بەرانبەر تەختی خان ئەحمەد خان لە زەڵم و گۆڕی وێسووو یاسکە لە شاخی کۆساڵان. ئەمە هەوڵێکە بۆ یەکخستنەوەی ژیانی ئەو شاعیرە لە توێی سەرچاوە، دەستنووس و گێڕانەوەکان.

**وشە کلیلەکان:** ئەردەڵان، هەڵۆ خان، شاعەباسی سەفەوی، کڵاوزەڕ خاتوون، دەستنووس، زەڵم، پاڵنگان

**چکیده:**

نگارش تاریخ ملت کرد بویژه آثار ادبی شاعران و عالمان به جهت پراکندگی فراوان اسناد، هنوز آنچه شایسته و بایسته است، تنظیم و یکدست نشده است. از این میان یوسف یاسکه (وفات: ١٠٤٠ ق.) می‌توان به عنوان شاهد به میان آورد. اجداد این شاعر در مناطق درنه، بیلوار و روانسر زیسته‌اند. همین حالا نیز اهالی روستای زیران از توابع جوانرود خود را از نوادگان یوسف یاسکه می‌دانند. پدرش یونس در دوره زمامداری هلو خان کاردار و مباشر ایالت اردلان در منطقه بیلوار و میرزا محمد بختیاری پدربزرگ نیز زمانی کاتب دیوان قباد خان والی درنه بوده است. یاسکه مادر یوسف، مخفف و مصغر یاسمن است. ایشان نیز شاعری بەنام بوده و از اولین شعرای زن مکتب شعر گوران به شمار می‌آید.

یوسف جوانکی زیبارو، خوشخوان و ماهر در پایکوبی مجلسان بوده و او را استاد بی‌بدیل سیاچمانه هورامی نام برده‌اند. از همان اوان کودکی با خان احمد خان پسر هلو خان در مکتبخانه به تحصیل پرداخته و با شاهزاده اردلان بزرگ شده است. یعنی می‌توان گفت در همان سالهای ١٠٠٠-١٠٠٢ قمری پا به حیات گذاشته است. یوسف یاسکه در یکی از شعرهایش به حبس در زندان (خان احمد خان نامور) اشاره کرده و خود را بسان یوسف در چاه کنعان تشبیه کرده است. در همین باره برخی منابع تاریخی نیز به ارتباط دلدادگی میان یوسف و زرکلاه همسر خان احمد خان اشاره کرده‌اند و به همین جهت یوسف در زندان خان گرفتار و سرانجام به طرز فجیع زنده‌به‌گور از دنیا رفته است.

داستان و سرگذشت این شاعر در کردستان بویژه در مناطق اردلان، اورامان و شهرزور شنیده می‌شود و هنوز تراژدی پایان این دلدادگی بر سر زبانها مانده است. لذا مضاف بر اسناد و منابع تاریخی، می‌توان نتایج پالایش این روایات شفاهی را به عنوان تکمله تصویر زندگی شاعر در نظر گرفت. همچنین در مناطق مزبور نام و نشانی از این داستان به عنوان جاینام جغرافیایی به

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

یادگار مانده است: (شاخ وێسوو تەڵشن) در روستای زیران، (قەڵای وسوو ئاسکە) در دربند زمکان رانیە، (یاگەو وێسوو یاسکە) در کوهستان ملەخورد روستای زلم، (کانی خان ئەحمەد خان) در روستای بلبزان نوسود، (زینەوچاڵی وێسوو یاسکە) در روستای زلم و (قەوری وێسوو یاسکە) در کوهستان کوسالان.

**واژگان کلیدی:** اردلان، هلو خان، شاه عباس صفوی، زرکلاه خانم، اسناد خطی، زلم، پالنگان.

**Abstract:**

The writing of kurdish history, especially the literary works of poets and scholars, has not yet been done in a unified manner due to the scattering of documents and writings. For example, Yousef Yaskeh is one of those poets. Yusuf also studied with Khan Ahmad Khan at Qala School. The poems of Yaskeh and Yousef have been recorded in the old Manuscript.Yusuf was a handsome boy, a good songwriter and dancer, and is known as the unrivaled master of Siachmaneh. In one of his poems, which he recites with his mother Yaskeh, he talks about his imprisonment in Khan Ahmad Khan prison. Historical sources have written about the love affair between this poet and Khan Ahmad Khan's wife. He has been imprisoned for this reason. The love story of Yousef Yaskeh can be heard in Ardalan, Shahrzour and Horaman regions. The story of this lover is heard in different geographical areas and is seen in places such as the castle, mountain and tomb of Yousef Yaskeh in these areas. In this article, an attempt has been made to compile the life and biography of the famous poet Yousef Yaskeh according to documents, sources and oral traditions.

**Keywords:** Ardalan, Halokhan, Shah Abbas Safavi, Kolahzar Khatoon, Zalm, Palangan

**پێشەکی:**

چەند ساڵە لە سۆنگەی ساغکردنەوەی دیوانی یۆسف یاسکەدا و گەڕان بۆ کۆکردنەوەی ژیان و بەسەرهاتی، لە چەند شوێنی جوغرافیایی لێک جیا چیرۆکی دڵداری و بەسەرهاتی زیندەبەچاڵکردنیم بیستووە. جیا لەوە لەناو پەڕاوی دەستنووسەکانی شاعیرانی کورددا شێعری ئەو شاعیرە هەڵگیراوە، بەڵام هێشتا وەک دیوانی شاعیرێک یەک نەخراوەتەوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەوەمان بۆ دەر ئەخات کەمتر کەسایەتیەکی مێژووی کورد هێندە کاریگەری فۆلکلۆری و ویژەیی لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستاندا بووە. ئەو شوێنانە وا شوێنەناو و شوێنەواری تایبەت بە یۆسف یاسکەیان تێدایە، هەروەها ڕۆژگاریٰ وا باسی ئەو کەسایەتییە و دیواخانیٰ کە تێیدا ژیانی بردووەتە سەر، دەڤەری شارەزوور و ئەردەڵان بووە. کەواتە لە پێشدا بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی ڕەگی باسەکە با ئاوڕێک لە مێژووی دەسەڵاتی ئەو دوو میرنشینە بدەینەوە.

لە مێژوودا یەکێ لە کۆنترین شوێنە ئاوەدانەکانی کوردستان شارەزوور بووە. ئەگەرچی ئێستە ئەو شارە نەماوە و پانتاییەکی بەربلاو لە دەوروبەری لە ژێر ناوی دەشتی شارەزوور دەناسرێتەوە. مێژووی دانانی ئەو شارە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی قوبادی ساسانی (٤٨٨-٥٣١ زایینی) دەگەڕێتەوە. (ئیبن فەقیهـ، ١٩٨٧: ٤٠٧) ئەو سەردەمە سنووری نێوان هەمەدان و هەولێر بە هەرێمی شارەزوور ناوبانگی بووە و سەرجەم دانیشتووانەکەی کوردانی (یاقووت حەمەوی، ١٩٧٧: ٣٧٥/٣) جەلالیە [گەڵاڵی]، سۆڵەیی، حەکەمی، باسیان و شمردڵی بوون. ئەو هۆزانە لەویٰ بە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریک بوون. هاوینان چوونەتە هەوار و کوێستانەکانی سنوورەکە و زستانانیش گەڕاونەتەوە بۆ دەشتی شارەزوور. (ئیبن حوقل، ١٩٨٨: ٣٥٨) پایتەختی ئەو هەرێمە واتا شاری (نیمازراهـ) [: ناوڕێ، نیوەڕێ] هەتا ساڵی ٦٢٨ کۆچی ئاوەدان بووە. (ئیبن ئەسیر، ٢٠٠٩: ٤٦٧/١٢).

دوای ساڵی ٢١ کۆچی کە موسڵمانەکان گەیشتوونەتە شارەزوور، ئەویٰ بووەتە بەشێک لە هەرێمی ئیداری مووسڵ. دواتر بەردەوام ناوچەیەکی جێناکۆک بووە و هۆزە کوردەکانی بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەند سەرکێشی و شۆڕشیان کردووە. تەواوی ڕۆژگاری دەسەڵاتی ئەمەویەکان (٤١-١٣٢ کۆچی) و دواتریش تا بەشێک لە سەردەمی عەباسی پەناگەی خەواریجەکان بووە. (ئەمزدی، ٢٠٠٦: ٧٤/١-٢٠٠) سەدەی ٤ کۆچی کوردەکانی حەسەنویەی بەرزیکانی لەو ناوچەیە دەسەڵات دەگرنە دەست و هەتا ٤٠٦ کۆچی فەرمانیان ڕۆیشتووە. (ئیبن ئەسیر، ٢٠٠٩: ٧٠٥/٨) دواتر ٤٣٩ کۆچی تورکەکانی سەلجووقی پەلی بۆ دەکێشن و لەویٰ فەرمانڕەوایی دەکەن. (ئیبن ئەسیر، ٢٠٠٩: ٥٣٩/٩-٥٤٥) پاش ئەوانیش کوردانی ئەیووبی و بەتایبەت ٥٨٦ کۆچی سوڵتان


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

موزەفەری هەولێر حوکمی بە سەردا دەکات. (ئیبن ئەسیر، ٢٠٠٩: ٥٦/١٢ و ٥١٧) ساڵی ٦٣٤ کۆچی یەکەم هێرشی مەغۆلەکان دەگاتە شارەزوور و دەسەڵات دەکەوێتە دەستی ئەوان. (عومەری، ٢٠٠٣: ٢٦١) کەسێک بە ناوی مکلوا کوڕی خەسرەو (مردن: ٥٩٥ کۆچی) خاوەنی دەربەند [و قەڵاکانی وەکوو پاڵنگان] لەسەر ڕێی هەمەدان [بەرەو بەغدا و شارەزوور] بووە. (ئیبن ساعی، ١٩٣٤: ١٥/٩) لەوانەیە هەڵەی کاتب و دەستنووسەکانی ئەو کتێبە بێ و (مکلوا، مکلو) هەمان کوڕی خەسرەوی بابا ئەردەڵان بێ. دوایی تا سەرەتای ٨٠٠ کۆچی لەو ناوچەیە کەسانێ وەک ئەمیری وڵاتی کوردستان دەرکەوتوون و فەرمانڕەواییان کردووە. (زرار سدیق، ٢٠٢١: ٢٠٠-٢٠١).

ساڵی ٩٨٢ کۆچی (١٥٧٤ ز.) مەئموون بەگی دووەم وەک یەکەم کەس بەڕاشکاوی باسی دەسەڵاتی ئەردەڵانەکانی کردووە. ئەو میرە کوردە کە خۆی بە (مأمون بن بیکە بک عادلانی) دەناسێنێ، ئێژێت پێشتر بەیگە بەگی باوکی حاکمی شارەزوور بووە. عادڵ باپیرە گەورەی مەئموون لە سەروبەندی هێرشی مەغۆلەکاندا فەرمانڕەوایی ناوچەی شارەزووری کردووە. (مەئموون بەگ، ١٩٨٠: ١٦-٢٠) بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی عوسمانی سەردەمی حوکمڕانی کوردەکان لە شارەزوور پایتەختی فەرمانڕەوایی قەڵای گوڵعەنبەر [خورماڵ] و زەڵم بووە. ئەڵبەت ساڵی ٩٢١ لەسەر ئەرکی زاڵم عالی(؟) خانێکی شا ئیسماعیلی سەفەوی قەڵای زەڵم نۆژەن کراوەتەوە. ئەو قەڵایە خاوەنی مزگەوت و خانووبەرە و حەمام و بازاڕ بووە و چواردەورەکەی باخ و باخچە و ئاوی ڕۆشن بووە. ( حەسەن کۆچ، ٢٠٢٠: ٢٠-٣٤) کاتی خۆی بەیگە بەگ دوای مردنی مەئموون بەگی یەکەم دەسەڵاتی ناوچەی زەڵم(١*)، نەوسوود، شەمێران، هاوار، شێخان، دەودان و خورماڵی بە دەستەوە بووە. (بدلیسی، ٢٠١٧: ١٨٢/٢-١٨٥) هەتا ڕۆژگاری بەیگە بەگ قەڵای زەڵم وەک پایتەختی ئەردەڵانەکان بەکار هاتووە. (مەئموون بەگ، ١٩٨٠: ٧٦-٧٧) لە پەلاماری سوڵتان حسێن بەگی ئامێدی بۆ سەر زەڵم مەئموون بەگ دەستبەسەر دەکرێت. بۆیە ساڵی ٩٤٧ کۆچی سورخاب بەگی کوڕی دەبێتە میری ئەردەڵان لە قەڵای مەریوان (بدلیسی، ٢٠١٧: ١٨٥/٢-١٨٨؛ وەقایع نگاری کوردستانی، ٢٠٠٥: ٨٦). ئەولیا چەلەبی ساڵی ١٠٦٥ کۆچی کاتێ لە گەشتەکەی بە کوردستاندا گەڕاوە، باسی شار و قەڵا گرینگەکانی سەرڕێگاکەی وەکوو هەریر شارەزوور، ئەردەڵان، دڕنە، دەرەتەنگ و زەڵم کردووە. میری قەڵای وان ڕێگەی گەڕانەوەی لە بەغداوە بەم شێوە پێ نیشان داوە: شارەزوور، قەڵای ئەحمەد و هەوارگەی زەڵم، هەریر، وڵاتی ئەردەڵان و هەکاری. (سەعید، ١٩٧٩: ٩٠ و ٣١٢) کەواتە ئەو سەردەمە هێشتا ناوبانگی سنە و قەڵای مەریوان لەسەر زماناندا نەبووە و قەڵای خان ئەحمەد خان لە زەڵم ناوبانگی بووە.

**کورتەیەک لە باسی هەڵۆخان و خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان:**

پاش تێکشکانی سپای حەمدوون بەگ بەرامبەر تورک و عەرەبەکان لە ئامەد و حەڵەب، دەوروبەری ٨٥٠ کۆچی میر حەمزەی بابان فەرماندەی ئەو سپایە لەگەڵ دوازدە سوارچاک دەگەنە گوندی کانیبای مەریوان. هەر دوو لووتکەی پشتی گوندەکە دەکەنە قەڵا و لەوێ خۆ تەیار دەکەنەوە. ئەوکاتە شێخ ئەحمەدی ئەنباری ناسراو بە ئیمام و دواتر کابلەسوور ناسراو بە سەیید ئیبراهیم دەبنە مامۆستای مزگەوتەسوورەی قەڵاکە. (تووداری، ١٩٨٩: ١٠٤-١٠٥؛ مودەڕس، ٢٠١٠: ٣٧٩) ئەو قەڵایە ئێستە بە ئیمام یا هەڵۆخان دەناسرێتەوە.

گۆڕستانی قەڵاکە دەکەوێتە نێوان کۆنەدێی کانیبا و بەرقەڵا. مەزاری سوڵتان عەلی ناسراو بە (خزنی شا بابا خان - ٢*) و نەنە شاهـ جەهان (٣*) ناسراو بە (خزنی ئامان خاتوو) لەو زیارەتەڵانەیە. ئێستاکە خەڵکی ئەوێ ئەو گۆڕستانە بە ناوی ئەو دوو کەسەوە دەناسنەوە و لایان پیرۆزە. وەک باس دەکرێ ئەوانە گۆڕی دایک و باوکی هەڵۆخانن. بەداخەوە کەمتەرخەمی بەرامبەر بەو گۆڕستانە کراوە و کێلەکان شکێندراون و بە دەوروبەرا فڕێ دراون. ئەوەی لە گەڕان و پشکنینەکانم لەوێ دەست کەوت، هەندێ نووسراوی سەر لەتکە کێلەکان بووە، وەکوو: (امیر سلطان علی سلطان اردلان) و (ننه شاه جهان). هەڵۆخان کوڕی سوڵتان عەلی کوڕی سورخاب بەگ کوڕی مەئموون بەگ کوڕی بەیگە بەگ بووە. سوڵتان عەلی ساڵی ٩٧٨ کۆچی ئەجەل دەیباتەوە و دوو کوڕی سەروپێچکەی لە پاش بەجێ دەمێنێ: تەیموور و هەڵۆ. (بدلیسی، ٢٠١٧: ١٨٩/٢) شەرەفخان لە باسی ئەردەڵانەکاندا تا ساڵی ١٠٠٥ کۆچی کە سەردەمی هەڵۆ خان بووە، نووسیویە. لەوێ پێیدا هەڵگوتووە کە میرێکی شیاوە و هاوسەنگی پێوەندی لە نێوان سەفەویە و عوسمانیدا ڕاگرتووە. (بدلیسی، ٢٠١٧: ١٩٢/٢) لە ١٠٢٨ کۆچی باڵوێزی ئیسپانیا لە دەرباری شاعەباس لە ڕێی قەزوێن بۆ ئێسفەهان لەگەڵ هەڵۆخان بووە و ناوی ئەو میرەی ئەردەڵانی بە (حەیدەر خان) و خان ئەحمەد خانیشی بە (میرزا خان) هێناوە. (دێن گارسیا، ١٩٨٤: ٢٨٤-٢٨٦).

ساڵی ١٠١٩ کۆچی شاعەباس سپایەکی تۆکمە و پڕچەک دەخاتە ڕێ تا هێرش بکاتە سەر قەڵای پاڵنگان. لە ئاوایی مەیهەمی لای قوروە ئالیبالی [عەلی بەگ] زەنگەنە جڵەوکێشی سپاکە کە پێشتر هاتوچۆی کوردستان و قەڵاکانی هەڵۆخانی کردووە و شارەزا بووە بە سەختڵەتی و هەڵەمووتی ناوچەکە، پێشنیار دەکا شاعەباس وەبێ شەڕکردن جڵەوی دەسەڵاتی ئەردەڵانەکان بگرێتە دەست.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

سەرنجام نامەیەکی فێڵاوی بە زمانێکی دۆستانە و خۆشەویستی دەنووسن و چەندین دیاری شاهانەیش ڕەگەڵی دەخەن. داوا دەکرێ خان ئەحمەد خان بنێردرێتە دەربار تا لە سای دەوڵەتی سەفەویدا بەختەوەر بێ. ئالیبالی نامەکە دەباتە پاڵنگان و لەگەڵ هەڵۆخان ڕێک دەکەون. ئینجا خان ئەحمەد خان بە تەشریفات و دارودەستەی تایبەتەوە دەنێردرێتە پایتەختی سەفەویەکان. (قازی، ۲۰۰۸: ۲۹-۳۱؛ ئەردەڵانی، ۲۰۰۵: ۱۵۱-۱۵٤) دێن گارسیا ڕێکەوتنەکە وا نیشان ئەدات کە بۆ ڕازی کردنی دەوڵەتی سەفەویە و خۆلادان لە شەڕ و ناکۆکی، حەیدەر خان [هەڵۆخان] میرزا خانی [خان ئەحمەد خان] کوڕی وەک بارمتە ناردووەتە دەربار. (دێن گارسیا، ۱۹۸٤: ۲۸٤-۲۸٦) لەو ماوەیەدا شاعەباس، خان ئەحمەد خان لە نەریت و باوی کوردی و خێڵەکی خۆی دادەبڕێ و فێری ڕەسم و ڕەفتاری قزڵباشی دەکا (ئەردەڵانی، ۲۰۰۵: ۱۵٤) و زۆر جاران پێکەوە خۆمانە دانیشتوون و دەمەتەقەیان کردووە. شا ویستوویە لەو ڕێگەیەوە جڵەوی دەسەڵاتی ئەردەڵانەکان بگرێتە دەست. هەر بۆیە بەو لەونە لەگەڵ کوڕی خان هەڵسوکەوتی کردووە. تەنانەت ساڵی ۱۰۲۲ کۆچی شاعەباس، خان ئەحمەد خانی لەگەڵ خۆی بۆ هێرشی سەر گورجستانی بردووە. کۆتایی ۱۰۲۲ کۆچی شاعەباس، خان ئەحمەد خان ڕادەسپێرێ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان تا باوکی لەسەر تەختی دەسەڵات لا ببات و بینێرێتە ئەسفەهان. (ئەردەڵانی، ۲۰۰۵: ۱۵۳-۱۵٤؛ عەلیخانی، ۲۰۱٦: ۸٤).

لە ڕاسپاردنەکەی شاعەباسدا داوا لە هەڵۆخان دەکرێ عوسمانیەکان خەریکی ئامادەکارین هێرش بکەنە سەر ئازەربایجان. بۆیە پێویستی بە پرس و ڕاوێژی میری ئەردەڵانە. گارسیا ۱۰ی ڕەجەبی ۱۰۲۷ گەیشتووەتە ناوشاری قەزوێن و لە یەکەم سەردانیدا بۆ لای شاعەباس لەو کوڕەی کە دانیشتووە خانی گیلان و هەڵۆخانی کوردی لە تەنیشتەوە بووە. دوو مانگ دواتر لەگەڵ کاروانی هەڵۆخان و خێزانەکەی و هاوڕێیەکانی بەرەو ئەسفەهان چووە. لە ڕێگا هەڵۆخان زۆر هیلاک و ماندوو بووە و بەسەختی لاقی بریندار دەبێ. تەنانەت خێزانەکەشی لە پێ دەکەوێ. گارسیا باسی ئەوە دەکات ئەو سەرۆکە کوردە ئاگەداری ئەوە نەبووە لە ژێر چاوەدێری هێزەکانی شاعەباسدایە و بەرەو زیندانی دەبەن. لەو لاشەوە میرزا خانی [خان ئەحمەد خان] کوڕی حوکم و فەرمانی میرنشینی بۆ نووسراوە و لە جێ باوکی دانیشتووە. (دێن گارسیا، ۱۹۸٤: ۲۷۸-۲۸٦) گارسیا لە یاداشتەکانیدا هاوسەری هەڵۆخان بە (سوگولی) ناو بردووە. واتا ژنێکی جوانکیلە و مناڵکارە. دیارە کە دایکی خان ئەحمەد خان نەبووە و هاوسەرێکی دیکەی بووە. هەروەها بەپێی ئەو یاداشتانە ۱۰۲۳ تا ۱۰۲۷ کۆچی خان ئەحمەد توانیویە پیلان و نەخشەکەی شاعەباس جێبەجێ بکات تا باوکی بنێرێتە ئەسفەهان.

کاتی خۆی هەڵۆخان مەلا یەعقووبی قازی لە ئاوایی سوورکەوڵ [ناوچەی کەڵاتەرزان] بانگێشت دەکا و دەیکاتە مامۆستای کوڕەکەی. (مەردۆخ، ۱۹۷۳: ۱۰۱/۲) مەلا یەعقووب لە هۆنراوەیەکدا بەپێی پیتی ئەبجەد هەندێ زانیاری لەسەر ژیان و بەسەرهاتی خان ئەحمەد خانی دەرخستووە: (مەستوورە ئەردەڵان، ۱۹۵۳: ٤٥).

| | |
|---|---|
| خان اکراد یعنی خان احمد | سال بخت آمد از عدم بیرون (۱۰۰۲) |
| سال کج بخت یافت حکم جلوس (۱۰۲۵) | در غلط گشت واله و مجنون (۱۰۳۹) |
| باز صحت بیافت اندر غم (۱۰٤۰) | یافت حکمی ز پیشتر افزون |
| سال غمها هزیمتش دادند (۱۰٤٦) | رفت بیرون از این زمانه دون |

**هاوسەرگیری خان ئەحمەد خان:**

کتێبەکانی ڕووداونووسی و نوێسیاری ناو دەسەڵاتی سەفەویە وەکوو (تاریخ عالمآرای عباسی، خلد برین، تاریخ عباسی یا روزنامه ملا جلال) و تەنانەت سەفەرنامەکەی دێن گارسیا هیچ ئاماژەیەکیان بە باسی هاوسەرگیری خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان لە ناو دەرباری سەفەویدا نەکردووە. نەریتێکی دەرباری بووە کە بەخشینی کەنیز وەک ڕووداوێکی بەرچاو ئەژمار نەکراوە کە کاتبانی شا یاداشتی بکەن. مەلا موحەمەد شەریفی قازی وەچەی مەلا یەعقووبی ناوبراو ساڵی ۱۲۱۵ کۆچی یەکەم سەرچاوەیە باسی هاوسەرگیری خان ئەحمەد خانی کردووە لەگەڵ خوشکی شاعەباسی سەفەویدا: خان احمد خان...مشمول نوازشات و اشفاقات شاهی گردید و منظور نظر عاطفت اثر شد و خواهر پردەنشین سرادقات جلال خود را به خان احمد اخان شفقت فرمود و به عقد او درآورد. (قازی، ۲۰۰۸: ۲۳) دووهەم سەرچاوە ساڵی ۱۲۲۵ کۆچی باسی کردووە کە شاعەباس کەنیزێکی حەرەمسەرای خۆی بەخشیوە بە خان ئەحمەد خان: خان احمد خان...منظور شاهی فرموده، بیکی از پردەنشینان حرمسرای شاهی درجه افتخارش بخشیده. (ئەردەڵانی، ۲۰۰۵: ۱۵٤) خاتوو مەستوورە ساڵی ۱۲٤۱ کۆچی پاشکۆ و پەراوێزی بۆ (زبدة التواریخ سنندجی) داناوە، ئەویش بە کەنیزی شاعەباس ناوی هێناوە: یکی از پردەنشینان سرادق حرمسرای پادشاهی را بتو شفقت، امثال تو هیچ نحوی بدین

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

فيض عظيمى مستفيض نشده... (مەستوورە ئەردەڵان، ٢٠١٣: ٣٠) دواتر خاتوو مەستوورە ساڵی ١٢٦٢ کۆچی لە کتێبی دیکەیدا بەشێک لە قسەکانی (زبدة التواريخ سنندجي) دووپات کردۆتەوە، بەڵام لەوێ ناوی هاوسەری خان ئەحمەد خانی بە (زرين كلاه) خۆشکی شا هێناوە و قسەکەی پێشووی گۆڕیوە. هەروەها بەپێی قسەکانی خۆی هەندێ گێڕانەوەی ناوخەڵک و لە دەمی بەساڵاچووانیش پێ زیاد کردووە: بعد از مدتی که جوهر ذاتی و استعداد و آراستگی خان احمد خان بر شاه عباس معلوم آمد بر رتبه او افزود و درخشان گوهر درج شاهی و فروزان اختر برج سلطنت پناهی اعنی همشیره مکرمه خود را که موسوم به زرین‌کلاه بود باو عنایت فرموده بشرف مصاهرت شاهی سرافراز آمد. (مەستوورە ئەردەڵان، ١٩٥٣: ٣٠-٣١) ساڵی ١٢٨٨ کۆچی (سير الاكراد) نووسیویە هاوسەری خان ئەحمەد خان، خوشکی شاعەباس و ناوی (سیده بیگم) ناسراو بە (زەڕکڵاو) بووە (بابانی، ٢٠١٢: ٤٥)، دیارە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە. چونکا لە هیچ سەرچاوەیەکدا شاعەباس خوشک، کچ یا پوورێکی بەو ناوە نەبووە. (مونشی، ٢٠١٠: ١٨٠-١٧٩؛ عەلیخانی، ٢٠١٤: ١٩-٢٠).

لە کەشکۆڵی دەستنووسی مەلا موحەمەد سادقی نگڵی (1906-1966) شاعیردا ناوی هاوسەری خان ئەحمەد خان بە (پەریزاد) هاتووە. (حەکیم، ١٩٩٦: ٤٩١) بەساڵاچووانی ئاوایی زێران لای جوانڕۆ کە خۆیان بە وەچەی یۆسف یاسکە دادەنن، بە خاتوو پەری ناوی دەبەن. لە ناو میرانی ئەردەڵاندا نموونەی ئەو ناو و نازناوە بووە، وەکوو سەروەناز ناسراو بە کەوازەڕ [قبازر] کەنیزی فەتحعەلی شای قاجار کە بە ئەمانوڵا خانی گەورە بەخشراوە. (وەقایعنگاری کوردستانی، ٢٠٠٥: ١٢٠-١٢١) کەواتە پەری یا پەریزاد ناسراو بە کڵاوزەڕ کەنیزی شاعەباس بووە. توێژەرانی دیکەیش پشتراستیان کردۆتەوە کە کڵاوزەڕ کەنیزی بەخشراوە بووە و کراوەتە هاوسەری میری ئەردەڵان. (عەلیخانی، ٢٠١٤: ٩٢-٩٦) سورخاب بەگ کە دواتر بووەتە حاکمی ناوچەی تویسرکان کوڕی ئەو کڵاوزەڕ و خان ئەحمەد خانەیە. (مەستوورە ئەردەڵان، ١٩٥٣: ٤٣-٤٥؛ عەلیخانی، ٢٠١٦: ١١٣) دیارە کە مێژوونووسانی ئەردەڵانی کتێبی خۆیان بۆ میرانی ئەردەڵانی نووسیوە یا بە جۆرێ دەست و پێوەندی ڕاستەوخۆی میری بوون. هەر بۆیە نەهاتوون دایەگەورەی والی بە کەنیز دابنێن. بەڵکوو پیرۆزیان کردووە بە خۆشک یا کچی پاشای وڵات.

هەندێک لە توێژەران گومانی ئەوە دەخەنە سەر ناوی کڵاوزەڕ و ئێژن ئەو کەسە لە ئارادا نەبووە، بەڵام هەموو ئەو گێڕانەوە و باسانە لە شوێنە جیاجیاکانی کوردەواری و هەروەها بوونی شوێنێ وەکوو تەختی (سەکۆی) خاتوو کڵاوزەڕ و بورجی (قەوری) یۆسۆ یاسکە لە زەڵم پتەوترین بەڵگەیە کە دەکرێ پشتی پێ ببەستین. سیسیل ئەدمۆنز ساڵی ١٩١٩ لە کتێبەکەیدا خاتوو کڵاوزەڕی کردووە و وێنەی پیاوێکی بە جلی ڕەسەنی کوردی لەسەر تەختی خاتوو کڵاوزەڕ داناوە. (ئەدمۆنز، ٢٠١٢: ٢٢٢ و ٦٠٩؛ عەبدوڕەقیب یۆسف، ٢٠٠٨: ٨٩-١٢٠) ئەگەرچی لە دەقی وەرگێردراوی کتێبەکەی (عرش الأميرة زيرنكەوش) نووسراوە، بەڵام خەڵکی گوندی زەڵم بە تەست یا سەکۆی خاتوو کڵاوزەڕ ناوی دەهێنن.

**کڵاوزەڕی شاژن؛ دەسپێکی قەزا و بەڵای یۆسف یاسکە:**

(سير الاكراد) وەک یەکەم سەرچاوە باسی لە یۆسف ناوێکی دەنگخۆش، سەماکار، شاعیر و جوانخاس کردووە لە دیواخانی خان ئەحمەد خان کە بووەتە دڵبەری کڵاوزەڕ. (بابانی، ٢٠١٢: ٤٨) ئەڵبەت چیرۆکی ئەو دڵدارییە دەماودەم لە زۆر جێگەی کوردەواریدا تا ئێستەش دەبیسترێ. ساڵی ١٩١٧ لە یەکەم توێژینەوە لەسەر دەستنووسەکەی شێخ عبدالمومن مەردۆخی (١١٩٦-١١٩٨ کۆچی) نووسەر سەبارەت بە شاعیرانی ناو کەشکۆڵەکە، زانیاری لە دکتۆر سەعید خانی کوردستانی وەردەگرێ. ئەویش کاتی خۆی ئەو زانیاریانەی لە ئایەتوڵا مەردۆخ بیستووە (سوڵتانی، ١٩٩٨: ٣٨-٣٩؛ شەریفی، ١٩٩٥: ٦٢-٦٣) کە یۆسف یاسکە خزمەتکاری خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان بووە. ئاغاکەی گومانی لێ کردووە کە خەریکی ڕابواردنە لەگەڵ کڵاوزەڕ خانم کچی شاعەباس. کەواتە خان زیندەبەگۆڕی کردووە. (مینۆرسکی، ٢٠١٨: ١٥٢) وەک پێشتر باسمان کرد مێژوونووسان هاوسەرەکەی میری ئەردەڵانیان بە خۆشک یا کەنیزی شاعەباس داناوە، بەڵام مێژوونووسی سانەکانی هەورامان کلاوزەڕی بە بە کچی نووسیوە. (شەیدا مەردۆخی، ٢٠٠٤: ١٢٨) وێدەچێ ئایەتوڵا مەردۆخ زانیارییەکەی لەو سەرچاوە وەرگرتبێ. دوای ئەوە ١٩٤٦ کە یەکەم جار دەستنووسی (تاريخ اردلان) چاپ کراوە، نووسەر ئەم پەراوێزەی داناوە: سەبارەت بە خەیانەتی کڵاوزەڕ بەرامبەر بە خان ئەحمەد خان و چۆنیەتی کوشتنی (یۆسۆ یاسکا)ی وەرگێڕی هێشتاکە لەسەر زمانی خەڵکی کوردەواری چیرۆک و داستانی دەبیسترێ و بەساڵاچووەکان لەو بارەوە شێعری هەورامیان لەبەرە و دەیگێڕنەوە. (مەستوورە ئەردەڵان، ١٩٥٣: ٣٢).

کاتێ خان ئەحمەد خان لەگەڵ کڵاوزەڕ و داروودەستەیەکی قزڵباش لە ئەسفەهان دەگەڕێنەوە، هەڵۆخان ئەو هاوسەرگیری و دۆستایەتی و خاوبوونەوەی کوڕەکەی بەرامبەر بە ڕێباز و ئایینی قزڵباشەکانی بەلاوە خۆش نابێ. خان ئەحمەد خان زۆربەی کاتی بە ڕاویاری، مەستی و ڕابواردن بەسەر بردووە. کڵاوزەڕ بەو کارەی هاوسەرەکەی خەم و تەم دایدەگرێ. نامەیەک لە باسی چیرۆکی ژیانی خۆی و حاڵی مێردەکەی بۆ شاعەباس دەنێرێ. [وەختێ دەبینێ هیچ ئەنجامی نییە ئەویش] دڵ ئەداتە داوی جوانخاسی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

و دەنگخۆشی کوڕێکی جوان بە ناوی یۆسف و جارجارە لە حەرەمسەرا دەستی لەگەڵ تێکەڵ دەکا. بەرەبەرە ئەو باس و دڵدارییە دەگاتە ماڵ و کۆڵانان و دەبێتە گۆرانی و بەیتی خۆشی سەرزاران. باسەکە بەرگوێ خان دەکەوێ. یۆسف بۆخۆیشی لەبەر بێعەقڵی و زاڵبوونی دڵدارییەکەی هەندێ شێعر و گۆرانیی کە بۆ کلاوزەڕ داناوە، بۆ هاوڕییەکانی ئەخوێنێتەوە. شەوێکیان کە خان ئەحمەد خانیش لە کۆڕی بەزمی قەڵادا ئامادە دەبێ یۆسف ئەو شێعرانە دەخاتە ناو گۆرانیەکانی. ئیتر بەوە خان لە گومان و دەنگۆکە دڵنیا دەبێتەوە. ئەگەرچی زۆریش خۆشی هاتووە لە جوانی و دەنگ و بەزمی یۆسف. درەنگانی شەو بانگی دەکا و دەیخاتە ژێر لێپرسینەوە. ئینجا لەسەر دیواری قەڵاکە ملی دەکاتە پەتەوە و لاشەکەی لە توێی دیوارەکە دەشارێتەوە. بەیانی کە ڕۆژ دەبێتەوە کلاوزەڕ هەواڵی کوشتنی یۆسف دەبیستێ. چەند ڕۆژان لەگەڵ مێردەکەی شەڕ و ناخۆشی دەکا. دواتر کلاوزەڕ هەوڵ ئەدا خان دەرمانداو بکا. یەکێ لە کارەکەرەکانی پێی دەزانێ و نەخشەکە دەگێڕێتەوە بۆ دایکی خان. پاش ئەوە ئیتر خان ناوێرێ نزیکی خواردن و خواردنەوەی دەستی کلاوزەڕ بێتەوە. باسەکە دەگاتەوە گوێی شاعەباس. ئەویش کلاوزەڕ بانگ دەکاتەوە بۆ دەربار. خانیش بە تەرز و ئامادەکاریەکی شایستەوە دەینێرێتەوە بۆ ماڵە باوانی. (بابانی، ۲۰۱۲: ٤٨-٤٩) لە سەرچاوە و گێڕانەوەکانیتر وا باس دەکرێ یۆسف یاسکە لە زیندانی قەڵای زەڵمدا بەند دەکرێ و دوایی بە زیندەبەچاڵی دەکوژرێ.

**بەڵگە دەستنووسەکان لەسەر ژیان و بەسەرهاتی یۆسف یاسکە:**

وەک لە پێداچوونەوەی سەرچاوەکاندا دەرکەوت باسەکە یا داپۆشراوە و نووسینی بڤە بووە یا ئەوەیکە بۆ تۆرپۆشکردنی ئەو دڵدارییە بەسەرهاتەکە بە لاڕێدا براوە و وەک خۆی نەماوە. نموونەی هاوشێوە لە ناو ئەردەڵانەکاندا دیسان لە سەردەمی ئەمانوڵا خاندا ڕووی داوە. داستانی خەیانەتی حوسن جەهانی والیە کچی فەتحعەلیشای قاجاڕ و هاوسەری والی ئەردەڵان، ئەویش لای مێژوونووسانی ئەردەڵانی بڤەیە و تەنیا لە کتێبی (آئینە سنندج)دا ئاماژەی پێ کراوە کە ئەویش لە (سفرنامە حکیم سیاح) وەرگیراوە. (ئەیازی، ۱۹۸۱: ۳۷-۵۱) کەواتە پشکنینی پەڕاو و دەستنووسەکانیتر بەدڵنیاییەوە بابەتی دیکەمان لە ژیان و بەسەرهاتی یۆسف یاسکەی شاعیر و میرایەتی خان ئەحمەد خان بە دەستەوە ئەدەن.

**بەڵگەی یەکەم:** ساڵی ۱۱۱۳ کۆچی یەکەم جار (قاسم بن احمد دزاوری) چەند پارچە شێعری بە ناوی یۆسف یاسکە لە پەراوێزی دەستنووسێکدا تۆمار کردووە. مامۆستا مەحیەدینی ساڵحی وەک لە ژیاننامەیدا دیارە چەندین ساڵ لە ناوچەکانی جوانڕۆ، کرماشان و لوڕستاندا ژیاوە و لەو شوێنانە دەستنووسی زۆری دیوە. لە ناو ئەوانە شێعری یۆسف یاسکەیشی تۆمار کردووە. یۆسف یاسکە لە ڕوانسەر، جوانڕۆ و کوردستانی [ئەردەڵان]دا ژیاوە. دەوروبەری ۱۰٤۰ کۆچی مردووە. لە ڕاویاری و تیرهاوێژیدا کەسێکی ناسراو و بەناوبانگ بووە. بۆیە خێڵەکانی جاف وەک سەرمەشقێکی زیرەکی و ئازایی هێشتا ناویان فەرامۆش نەکردووە. مەلا عەوەزعەلی ئەلشتەری لوڕستانی لە شێعرێکیدا سەبارەت بەو شاعیرە نووسیویە:

| | |
|---|---|
| زەید عەلی وە جاف نەجەف وە کەلهوڕ | یۆسف یاسکە ژ کووی کەماڵ پوڕ |

مامۆستا ساڵحی پشتی بە دێڕێکی شێعری ئەو شاعیرە بەستووە کە خۆی بە جاف داناوە:

| | |
|---|---|
| یۆسف یاسکە ئەسڵ جافانم | دایم جە مەڵمەی سینەسافانم |

یۆسف یاسکە سەردەمی شاعیرانێک وەکوو حاجی ئەڵوەند، عەزیزۆڵا جاف، نەریمان جوانڕۆیی و مەلا موستەفا بێسارانی ژیاوە. لە شێعرێکدا بەم جۆرە لەگەڵ هامفەردیی فەقێ موحەممەدی جەفایی دواوە:

**یۆسف یاسکە:**

| | |
|---|---|
| باد ڕازئاوەر، باد ڕازئاوەر | باد بێ مەدار ڕێزەی ڕازئاوەر |
| گوستاخ خەرگەی سەوڵ ساپەروەر | تای زڵف جە کەلاف موشکین جودا کەر |
| دەستم دامانت پەڕەندەی بێ پەڕ | شۆ وە ئاستانەی جەمین قورس زەڕ |
| جەو وەخت و وادە جە خاو مەخێزۆ | سەندەل نە دەوران دیدەش مەڕێزۆ |

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

| | |
|---|---|
| بگێرەش دامان بلاڵە چوو[ن] لاڵ | بنمانە پەنەش سفتەی کۆی زووخاڵ |
| سا کە مەوینۆ سفتەی زووخاڵم | ئەڵبەت مەپەرسۆ چتەورەن حاڵم |
| واچە بە بێ تۆ ماوای مەرگشەن | سەرتاپا زۆخین زووخاو جەرگشەن |

**فەقێ محەمەدی جەفایی:**

| | |
|---|---|
| باد دڵنەواز، باد دڵنەواز | پەیک سەحەرخێز باد دڵنەواز |
| جەهەندەی ماران هەردەم نە جەهاز | گوستاخ خەرگەی سەوڵ شەکەرڕاز |
| دەستم دامانت پەرەندەی بێ باڵ | شۆ وە ئاستانەی [سەوڵ] سپی لاڵ |
| جەو دەمدا جە خاو مەخێزۆ سەحەر | زاغان مەکیانۆ بە سوجەدەی قەمەر |
| ڕوخ ماڵە نە خاک ئەو وە لاڵەوە | بە واماندەی جەرگ کۆی زووخاڵەوە |
| واچە دوور جە تۆ مەرگ خەڵاتشەن | کار ڕاسی سەفەر ڕای نەهاتشەن |

(ساڵحی، ٢٠٠٠: ١-٣ و ١٥٣-١٥٥)

تویژەرانی تر یۆسف یاسکەیان بە خەڵکی بێلەوار داناوە. کاتێ باوکی دەمرێ، لە ژێر چەتر و نازی دایکدای گەورە دەبێ و بۆ خوێندن دەنێردرێتە حوجرەی پاڵنگان. بەپێی پەراوێزی دەستنووسێ کە لای نووسەری (حديقە سلطانی) بووە ١٠٤٠ کۆچی کڵاوزەڕ هاوسەری خان ئەحمەد خان بوختانی بۆ دەکات و دەیسپێرێ بە میر غەزەب و دەیکوژن. (سوڵتانی، ٢٠٠٠: ١٨٩/٣).

**بەڵگەی دووەم:** مامۆستا نەجمەدین مەلا ١٩٥٧ لە وتارێکی کورتدا زانیاری کەشکۆڵێکی دەرخستووە کە شێعر و زانیاری لەسەر یۆسف یاسکەی تێدایە و ئاوای باس کردووە: یۆسف یاسکە خەڵکی گوندی دەرزیانی ناوچەی مەریوانە. شاعیر و نووسەری خان ئەحمەد خان کوڕی هەڵۆخان بووە. خان ئەحمەد خانیش ساڵی ١٠١٤ کۆچی جڵەوی حوکمداری گرتووەتە دەست و ١٠٤٦ کۆچی دوایی کردووە. لەم چەنانەدا لە کۆیەوە لەلایەن مامۆستا ئەحمەد دڵزارەوە لەسەر پەڕە قاقەزێکی توورمەی کۆن کە بە خەتی شکستە نووسراوە لەگەڵ شێعری شاعیرێکیتر ئۆغڵ بەگ کە ٣٠٠ ساڵ پترە نووسراوەتەوە بۆ هات. ئەوەش [سەردێری] شێعرەکانی یۆسف یاسکە:

١

| | |
|---|---|
| شیرین جەمینت، شیرین جەمینت | سەرتاپای جیهان مایەی جەمینت |

٢

| | |
|---|---|
| سوبحدەمی شەریف، سوبحدەمی شەریف | دیم جە سەر کانی دوو شەخسی شەریف |

(ژین، ژ ١٣٩٥، ١٩٥٧: ٤)

لە سەردانێک بۆ ئاوایی دەرزیان پرسیارم لە چەند کەسی شارەزا و بەساڵاچووی ئەوێ کرد. دیار بوو کەس ئەو باسەیان نەبیستبوو، بەڵام باسیان لەوە دەکرد لە کۆنەوە وتراوە قەڵای دەرزیان پاشکۆی قەڵای هەڵۆخان بووە لە دەشتی مەریوان و بۆ چاوەدێری ڕێبازی هەورامان بەرەو قەڵای ئەردەڵانەکان دانراوە.

(وتوویژ ٢٠١٨-٢٠٢١: بورزوون بەگی حەیدەری بالک، حاجی عەلی یەزدانی، حاجی حەسەن ڕەحمانی و حەبیب بەهمەنی لە دەرزیان).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: 60-91
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

وێدەچێ بەهۆی وێکچوونی ڕێنووسی کۆنی ناوەکە لە دەستنووسەکەدا مامۆستا دڵزار زێرانی بە دەرزیان خوێندۆتەوە. زێران سەر بە ناوچەی کلاشی جوانرۆیە. لەو ئاواییە چەند چیرۆک و نیشانە و شوێنەواری یۆسف یاسکە و خان ئەحمەد خان ماوە، وەکوو: کەژی چڵەی مەڵەکشا و سۆڵە و کەڵیەمار (شوێنی ڕاوی خان ئەحمەد و یۆسف یاسکە)، چنارەرشەکەی وێسوووویاسکەڵە یا چنارەکەی وێسووتەڵەشن (شوێنی ڕاو و وچانی یۆسف یاسکە)، تلەکەوە لە دەشتی شێخ زەینەڵ (شوێنی ماڵی یۆسف یاسکە)، کووڵی شێر (شوێنی شەڕی شێری بێشە و یۆسف یاسکە)، بەردەکەوەی لای چۆمی لێڵەی بەرماڵی زێران (شوێنی بەستنەوەی ئەسپە کەووگ و تاڵەشەڵی یۆسف یاسکە و کوشتنی شێری بێشە) و کانی هانۆلان (هەوار و بنکەی یۆسف یاسکە).

لەو ئاواییە هەر سێ خێڵی یارەویس، خدرەویس و عەلیەویس خۆیان بە وەچەی یۆسف یاسکە دادەنێن. واتا ئەو سێ کەسە کوڕانی یۆسف یاسکە بوون و دوای مردنی باوکیان لە زەڵم گەڕاونەتەوە بۆ زێران. کاتی خۆی میرزا موحەمەدی بەختیاری باپیری یۆسف یاسکە کاتبی دیواخانی قوبادییەکانی کۆنەشاری دڕنە بووە. دواتر یۆنسی کوڕی چووەتە قەڵای پاڵنگان و لەلایەن هەڵۆخان کراوەتە کارگێڕی مڵکی ناوچەی ڕوانسەر و بێڵەوار. هەر بۆیە هەندێ یۆسف یاسکە بە بێڵەواری دەناسن. سەبارەت بە میرزا موحەمەدی بەختیاری هەندێک لە خەڵکی زێران لەسەر ئەو باوەڕەن کە خەڵکی ناوچەی بەختیاری بووە. هەندێکی تر دەڵێن ناوی موحەمەدی بەختیاری یا موحەمەد کوڕی بەختیار بووە و سەر بە تیرەیەکی جافەکانی دڕنە و دەرەتەنگە. کاک شەهاب کە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و هەماهەنگی وتووێژەکان هاوڕێیەتی کردین، کۆلکەی بنەماڵەیی بەم شێوەیە: شەهاب کوڕی فەرەج کوڕی موحەمەد ساڵح کوڕی مەجید کوڕی نادر کوڕی یارەویس کوڕی یۆسف کوڕی یارەویس کوڕی موستەفا کوڕی ئیسحاق کوڕی یارەویس کوڕی یۆسف یاسکە کوڕی یۆنس (یا یاسین: ناسراو بە میرزا وێسکەڵە) کوڕی میرزا موحەمەدی بەختیاری.

(وتووێژ ٢٠٢١: تاریق یارئەحمەدی لە سوورەوان، غەفار ئیبراهیمی لە جوانرۆ، مامۆستا موحەمەد وەیسی، یارەویس وەیسی، مەعرووف غەفووری، عەلی بەشارەتی، سەید خان کەرەمی، لەتیف وەیسی و شەهاب نادری لە زێران).

سەردەمی فەقێیەتی یۆسف، یاسکەی دایکی نانکەری ناوقەڵای پاڵنگان بووە بۆ هەڵۆخان و بنەماڵەکەی. یۆسف ئەو هەلەی بۆ دەرەخسێ ببێتە هاوڕێی مناڵەکانی هەڵۆخان. هەر بۆیە لەگەڵ خان ئەحمەد خاندا بەڵەد و وەڵەوی یەک دەبن و یاسکەی دایکیشی دەبێتە هاوڕێی کڵاوزەر. دواتر کە خان ئەحمەد خان دەبێتە میری ئەردەڵان، یۆسف وەک وەزیری نزیکیی کاروباری ناوقەڵای بۆ بەڕێوە دەبات. دوای ئەوەی یۆسف دەکەوێتە بەر گومانی خراپ و خان دەیکوژێ، ژن و مناڵەکەی دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی ڕەوانسەر و جوانرۆ.

(وتووێژ ٢٠١٨: خوڵام یۆسفی کوڕی خوالێخۆشبوو مراد خانی پاڵنگان)

**بەڵگەی دووەم:** لە کتێبخانەی بریتانیا بە ژمارە (or.6444) دەستنووسێک هەیە ساڵی ١٩٠٢ دکتۆر سەعید خانی کوردستانی بەو کتێبخانەیە فرۆشتووە. لە ئەسڵدا هی کتێبخانەی ئایەتوڵا مەردۆخی کوردستانی بووە. ساڵی ١١٩٦-١١٩٨ کۆچی باپیرە گەورەی ئایەتوڵا نووسیویەتیەوە. گەنجینەیەکە بۆ دیوانی مەحزوونی، شێخ شەمسەدینی دەرەهەردی، یاسکە، دەردین، یۆسف یاسکە و ژمارەیەک شاعیری دیکە. هەروەها چەند وتووێژی شێعری یاسکە و مەحزوونی و یۆسف یاسکەی تێدایە. (سوڵتانی، ١٩٩٨: ٤١-٣٧ و ٣٢٥-٣٢٩؛ شەریفی، ١٩٩٥: ٦٢-٦٣) بەپێی ناوەرۆکی ئەو شێعرانە چەند پەردەیەک لە ڕووی ژیانی یۆسف یاسکەی شاعیرمان بۆ هەڵدەدرێتەوە:

**١-** لەسەر ڕاسپاردەی یۆسف، کەسێک چووەتە زیارەتی بابا شێخی بێساران. ئەوکاتە مەلا مستەفا ناسراو بە مەحزوونی لە بێساران ژیاوە. زیارەتکارەکە موراد و نیازی دڵی بەدی نەهاتووە یا نەخۆشییەکەی چاک نەبووەتەوە، یۆسف گلەی و بناشتی لە مەحزوونی کردووە. لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی لەیل و دەستەواژەی دڵدارانەی ناو شێعرەکە، وێدەچێ ئەو کەسە دڵبەر و دڵداری یۆسف یاسکە بووبێ. (سوڵتانی، ١٩٩٨: ٣٠٦)

| | |
|---|---|
| جە بێساران ماڵ، جە بێساران ماڵ | یا پیر بابا شێخ جە بێساران ماڵ |
| ئاما واستانەت لەیلێ بە مەلاڵ | نەزانات قیمەت گەوهەر دانەی لاڵ |
| لاڵ بام جاستانەت نەگێرتش وایە | سورمە و سەندەلش گشت دا بە زایە |

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لەیلێ بە ناخوون مەکەنش خاڵان — جۆی ئەسر هوونش سەندەل تا ماڵان
ئەسرینان مەیان وە جای تێخەدا — مەتکیان وە قەبر بابا شێخەدا
یا خۆ زەمانەی ئاخر ئەندەن — یا خۆ جە بارگەت هێممەت نەمەندەن

مەحزوونیش بەم شێوە وەڵامی گلەیی و داواکاریەکەی داوەتەوە:

یۆسف کەم نییەن، یۆسف کەم نیەن — بیللا جە بارگەم هێممەت کەم نیەن
نە زەدەی دێوەن، نە سای پەرییەن — لەیلێ جە جامدا زڵف وێش دیەن
زڵف وێش دیەن شنیان وە رووی خاڵ — جە سای زلف وێش پێش یاوان ئەو حاڵ
جاڕ دام بە دێوان تەمام سەرزەمین — یە سای کێتانەن یاوان بەو جەمین
دێوان حاشا کەرد ئێمە بێ تاوان — چێمە زەرەرێ بەو حاڵ نەیاوان
لەیلێ سادارِیش جە زڵف وێشەن — گونای باباشێخ بێساران چێشەن

(سوڵتانی، ١٩٩٨: ٣٠٦؛ حەسەن جاف، ٢٠١٤: ٢٤٩/١)

لە چەند کەشکۆڵی دیکەشدا وەکوو دەستنووسی (سەید ئیسماعیل نووسراو لە ١٢١٤ کۆچی و عبدالقادر کوڕی خضر چاوش نووسراو لە ١٢٤٥ کۆچی) ئەو دوو شێعرەی سەرەوە هاتووە. لەو دوو دەستنووسی ناوبراودا دێڕێ کۆتایی (جە بێساران ماڵ) بە (مستەفا وادەی هەزار و ئەندەن / جە پیر باباشێخ هیممەت نەمەندەن) نووسراوە. (حەبیبی، ٢٠١٦: ٧٤-٨٥؛ حەکیم، ١٩٩٦: ٤٩١) کەواتە (هەزار و ئەند) ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە وتووێژە شێعرییەکەی ئەو دوو شاعیرە لە نێوان ١٠٠١-١٠٩٩ کۆچیدا بووە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە لە دەستنووسەکەی مەلا حەمە سادقی نگڵیدا سەبارەت بەو وتووێژە شێعریە نووسراوە: پەریزاد خانم هاوسەری خان ئەحمەد خان لە دۆخی مەستیدا دەکەوێتە وڕاوە و ڕشانەوە. لێی بەگومان دەبن کە تووشی نەخۆشی سا بووە. بۆیە دەیبەنە سەر مەزاری باباشێخی بێساران. پەریزاد دەگەڕێتەوە و چاک نابێتەوە. پاشان ئەو وتووێژە شێعرییە هاتووەتە ئاراوە. (حەکیم، ١٩٩٦: ٤٩١).

٢- بەپێی وتووێژە شێعریەکانی نێوانیان وا دیارە مەحزوونی ئوستاد و مورشیدی یۆسف یاسکە بووە. یۆسف هامفەردی بە (مەولام) و مەحزوونیش بە (یۆسف) بانگ کردووە.

مەولام پەڕ جە دەرد، مەولام پەڕ جە دەرد — نەوازش نامێو پەڕ جە داخ دەرد

مەحزوونیش بەم شێوە وەڵامی داوەتەوە:

یۆسف دارایی، یۆسف دارایی — جە خەزێنەی خەم تەمام دارایی

(سوڵتانی، ١٩٩٨: ٣٠٤-٣٠٥)

شێعری (یۆسف دارایی) لە دەستنووسی ژمارە ٧٢١٩ کتێبخانەی (دارالمخطوطات) بەغدادیش کە کۆنترین دەستنووسی دیوانی مامۆستا بێسارانییە، هاتووە. ئەو دەستنووسە ١٠٩٠ کۆچی نووسراوەتەوە. (قەرەداغی، ١٩٩٤؛ سوڵتانی، ٢٠١٨: ٩٢-١٢٧) ئەوەش بەڵگەیەکی گرینگە کە یۆسف یاسکە لە هەمان سەردەمی خان ئەحمەد خانی یەکەمدا ژیاوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٣- لە وتووێژی شێعری یۆسف یاسکە و یاسکەی دایکیدا چەند پەردەی نوێ لەو مێژووە تەماوییە هەڵدەدرێتەوە. ئێستاکەش لە هەندێ شوێنی کوردەواری ناوی یاسەمین بە یاسکە و ئاسکە دەگۆڕدرێت. ئەوسا کاتێ باوکێ مردووە و کوڕی ساوای لێ بەجێ ماوە، زۆر جار بە ناوی دایکیەوە بانگ کراوە. دیارە کە باسی یۆسفیش وەهایە و بە ناوی یاسەمەنی دایکیەوە ناسراوە. خاڵی گرینگ ئەوەیە لە ڕووی ئەو شێعرانەی یاسکە وامان بۆ دەر ئەکەوێ کە کەسێکی خوێندەوار و شارەزا بووە. هەروەها دەتوانین یاسکە بە دەسپێکی یەکەم ژنی کورد لە شاعیریدا دابنین کە بەم پارچە شێعرە پاڕانەوەیەکی بێوێنەی بۆ میری مەزن داناوە:

یەک سەری مووتەن، یەک سەری مووتەن
دوو جیهان بەهای یەک تایی مووتەن
کەعبەی مورادات مەقسوودات ڕووتەن
قیبلەی موئمینان تاق ئەبرووتەن

لە دوو شێعری دیکەدا وەک ئەوە دەچێ یاسکە لە دەرەوەی زیندان داوای یارمەتی و ئازادبوون و لێخۆشبوونی بۆ یۆسفی کوڕی کردووە. بەڕاشکاوی ناوی زیندان، بەند، زنجیر، تەوق، تاریکی و زوڵمات دەبا کە هەموو پێوەندی بە کەسێکی زیندانییەوە هەیە:

یا شا ڕەها بۆ، یا شا ڕەها بۆ
میرزام جەی بەندە بە زوو ڕەها بۆ
سپەردەی دەوای قەدیمنا بۆ
دەستش بە دامان ئیمام ڕەزا بۆ
ئەخی حاجەت واز بکەرۆ حاجەت
بە سەر سایەش بۆ سای دەست قودرەت
باجەتی بێچۆن مروەتەن ئامان
میرزام وەس کێشۆ بەند بێ سامان
خەلاس بۆ جە بەند بە قودرەت وێت
کەرەمت فرەن با کەم نەبۆ جێت
ئەودی بشۆوە وە چاخ ساڵان
ببۆ بە هامڕاز شای سۆسەن خاڵان
بنیشمێ بەهەم گشت بە ماوەرۆ
بواچوو جە لاش مەجەرای بێشۆ

(سوڵتانی، ١٩٩٨: ٣٢٦-٣٢٨؛ بڵبەری، ٥٧a)
لێرە یۆسف وڵامی دایکی ئەداتەوە:

١

یاسکە یاوا، یاسکە یاوا
بای شەماڵ نامەت یاونا و یاوا
عەرزەی ناڵانت تەوەن پێ تاوا
پەردەی دەروون پێی شەق بی شکاوا
وەنەت مالووم بۆ نوور دیدەی من
مایەی زیندەگی بەرگوزیدەی من
یە گشت کەردەی دەور چەرخ گەردوونەن
فرێ خاترات پەی مەوج هوونەن
ئەر مووەت دەوران بە کام تۆ بۆ
سەبر سابریت با خەدیو خۆ بۆ
سابر سەبرش بەرد یاوا بەوایە
سەیوان دەوڵەت بیش وە سەر سایە
ئەر خودا مازۆ خان نامەر
چوون یۆسف جە چاهـ ماوەرۆ وە بەر
ئەوسە بە کۆری ڕەقیبان ڕەد
من ئەو یۆسفم خان ئەو خان ئەحمەد

٢

چەرخ مینایی، چەرخ مینایی
یا ساحیب چەرخ بەرز مینایی
جە تۆن ڕێزەی ڕەمز ڕاز ڕەوایی
هەم جە تۆ مەبۆ موشکڵگوشایی
نە کەس جای ئومێد نە کەس فریادڕەس
غەیر جە تۆ فێشتەر نمەشناسوو کەس
بە هەر جا بەندەن زایەڵە و زەنجیر
پەرێم مەژنۆ مەقامات گیر

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

| | |
|---|---|
| شیر خەم ڕێزەی ئوستخوانم وەرد | زاڵەم زایەڵەی زاڵەوانان بەرد |
| كونده و كۆتەڵان پابەستم كەردەن | دوو شاخەی دەستم وستەن نەگەردەن |
| سێ جا سێ زەنجیر سێ بەند سێ تەوق | هەر بەندێ پشتان چەند سیلسیلە و ڕەوق |
| سەراسەر پشتان بەژن باڵامەن | نە سەبر نە ئارام نە جای ناڵامەن |
| گیرم دان بە دام سیای سەهمناک | چون مەجنوونئاسا خەڵتان بیم نە خاک |
| من بەی جەفاوە هەر شوكر تۆمەن | تاریكی زوڵمات شەو بێ ڕۆمەن |
| من خۆ خەریكم چەنی داخ دەرد | سارایی یەكسان خاك سارام كەرد |

(سوڵتانی، ١٩٩٨: ٣٢٦-٣٢٨)

بەپێی ئەو شێعرانەی سەرەوە دەر ئەكەوێ یوسف لە زیندان بووە. لەوێ خۆی بە حەزرەتی یۆسف (د.خ) دەشوبهێنێ. خاڵێكی دیكە ئەوەیە باس لە (كوێری چاوی ڕەقیبانی) دەكات كە هۆكاری كردەوەی ڕەقیب و نەیارانی بووە لە قەڵا كە كەوتۆتە ئەو زیندانەوە. دواجار لە كۆتاییدا باسی خان ئەحمەد خان وەک خانی ناودار و نامور دەكا. بەڵگە لەوە ڕوونتر كە یۆسف یاسكە و خان ئەحمەد خانی یەكەم لە یەک سەردەمدا ژیاون. ئەم شێعرە پاڵپشتێ بەهێزە بۆ گێڕانەوەكانی ناو (سیرالاكراد) كە باسی زیندانی یۆسف بەهۆی دڵداری لەگەڵ هاوسەری خاندا دەكات.

**بەڵگەی سێهەم:** مەلا عومەری زەنگەنە ناسراو بە ڕەنجووری (١١٦٤-١٢٢٢ كۆچی) لە شێعرێكیدا ناوی ژمارەیەک شاعیری كۆن و سەردەمی خۆی هێناوە. وەک خۆی وتوویە ئەوانە ناودار و ناسراون، وەكوو مەلا مستەفای بێسارانی، خانای قوبادی، یۆسف یاسكە، مەلا نەجەف و تاد.

| | |
|---|---|
| شوعەرای كوردستان گۆیەندان خاس | هەرچی مەشهوورەن پەرێت كەروو باس |
| مەلا مستەفا بێساران مەنزڵ | مەلا حاجی جاف عومەر ئۆمەرل |
| مەلا نەجەف نام خانای قوبادی | یەک مەلا ساڵح جەرگەی مورادی |
| عەزیز دەردین موحەمەد عیسا بەگ | حاجی تیلەكۆ فەقێ عەلی بەگ |
| یۆسف یاسكە مەلا تەمەر خان | شێخ عەلی حەریر مەلا یەعقووب جان |
| شێخ وەیس گەلاڵی عەزیزوڵا لوڕ | شێخ موحەمەد جامی مەلا بایندوڕ |

(قەرەداغی، ١٩٨٣: ٧١-٧٤؛ خەزنەدار، ٢٠٠٠: ١١٥/٢-١١٩)

هاوشێوەی سەرەوە شێخ عەبدوڵای داخی (١٢٢٤-١٣٠٥ كۆچی) لە شێعرێكیدا ئەویش ناوی شاعیرانی ناسراوی كۆن و سەردەمی خۆی نووسیوە. لەوێ ئاماژەی بە (اشعاری یوسف) كردووە. مامۆستا مەحیەدینی ساڵحی لە پەراوێزی ئەو شێعرەدا نووسیویە مەلا موستەفا بێسارانی، یۆسف یاسكە، خانای قوبادی و توركەمیر نموونەی شاعیرانی گەورە و ناوداری كورد بوون.

| | |
|---|---|
| زیاد جە گردین شای سینەسافان | مەخدوومی مەعدووم مەولەوی جافان |
| جادار ڕەویەی بێسارانی بێ | ساحیب تەریكەی هادی ژانی بێ |
| ئەشعار یۆسف ئەبیاتی خانا | جە خەیاڵ خاسیش وە هیچ مەنمانا |
| فەد وەشمەزموون مەلاكەی گۆران | ئەبیات توركە مەدداح بۆران |

(ساڵحی، ٢٠٠٠: ٢٧٧-٢٧٩؛ موفتیزادە، ٢٠١٨: ٢٨٥-٢٨٧؛ قەرەداغی، ٢٠١٥: ١٢٣/١-١٣٣)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص: 60-91
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لە کەشکۆڵە دەستنووسەکاندا چەند یۆسف ناوی شاعیر بەرچاو دەکەون. شێخ یۆسفی نۆسمە، یۆسف بەگی ئیمامی، میرزا یۆسف، مەلا یۆسف و یۆسف یاسکە. لە کەشکۆڵی مەحموود پاشای جافدا (جە بێساران ماڵ) و دوو پارچە شێعری دیکەی یۆسف یاسکە بە ناوی یۆسفەوە هاتووە. (سەمەدی، ٢٠١٤: ١٣٨-١٦٤؛ حەسەن جاف، ٢٠١٤: ٢٤٩/١) بەڕێز دکتۆر عەلیرەزا خانی ئەرشیڤداری دەستنووسی کوردی و توێژەر لەو بوارە چەند پارچە شێعری بە ناوی یۆسف یاسکەی جاف و چوارزەوەیی کۆ کردۆتەوە. ئەوەی بەڕێزیان باسی دەکەن گوایە لە هەندێ دەستنووسی ناوچەی کرماشان و ئیلام ناوی یۆسف یاسکە هاتووە بە پاشکۆی (کەڵهوڕی یا چوارزەوەیی). لە یەکێک لە کەشکۆڵەکانی بەردەستی ئەو بەڕێزە (یۆسف یاسکەی جوانرودی) نووسراوە. وێدەچێ لە خوێندنەوەی ڕێنووسی کۆنی (جوانرودی و چوارزبرەی) هەڵە کراوە و هەمان یۆسف یاسکەی جوانڕۆیی بێ کە دەبێتە هەمان (یۆسف یاسکەی جافی زێرانی). چوارزەوە (چوازبرە) ئاواییەکە لە نێوان مایەشت و شاباد.

**بەڵگەی چوارەم:** لە دەستنووسێک بە ناوی (کەشکۆڵی فەقێ ڕەحیم) کە ١٢٢٨ کۆچی لە ئاوایی ڕیشێنی شارەزوور نووسراوە دوو پارچە شێعری یۆسف یاسکەی تێدایە. ئەو دەستنووسە لە ئەرشیڤی بەڕێز موحەمەد ڕزگار ڕەزاقولیدا پارێزراوە. بەڕێزیان دوو وتاری لە ژێر ناوی (یۆسف یاسکە شاعیری سەدەی دوازدەی کۆچی و چوار سەدە ئەدەبی نووسراوەی کوردی) لەسەر ئەو کەشکۆڵە و یۆسف یاسکە بڵاو کردۆتەوە. لە خوارەوە سەردێڕی دوو شێعری یۆسفی یاسکە هاتووە کە لەو کەشکۆڵەدایە:

١

نەوبەهار نە خاک، نەوبەهار نە خاک ئاما سپای سەوز فەرش کەرد نە ڕووی خاک

٢

بێ فەڕ جەستەمەن، بی فەڕ جەستەمەن بێ فەڕ حاڵ دەرد گران جەستەمەن

ئەو بەڕێزە پاڵپشت بەوەی کە (١٠٥٢-١١١٣ کۆچی) مەودای ژیانی مامۆستا بێسارانی و مردنی یۆسف یاسکە (١٠٤٠ کۆچی) یەک ناگرێتەوە، باسی دوو یۆسف یاسکەی هێناوەتە گۆڕێ. واتا ئەو یۆسف یاسکەی بە دەستی خان ئەحمەد خانی یەکەم کوژراوە جیاوازە لەگەڵ یۆسف یاسکەی شاعیر. بۆیە بە هەمان بۆچوون دایناوە شاعیرەکە لە سەردەمی خان ئەحمەد خانی دووەمدا (میرایەتی: ١٠٨١-١١٠٥ کۆچی) ژیاوە. (ڕەزاقولی، ٢٠١٥: ٣١-٣٥ و ٢٠١٦: ١٨-٢١) داتاشینی بێ بەڵگەی دوو کەسایەتی بە ناوی یۆسف یاسکە دەگەڕێتەوە بۆ بێ ئاگابوون لە توێژینەوە و بەڵگە تازە و کۆنەکانی دیکە کە ئەو گریمانە ڕەد دەکەنەوە. توێژەرانی پێشەنگ لەو بارەوە بەراشکاوی نووسیویانە ساڵی ١٩٥٢ یۆسف یاسکە پیاو و شاعیری خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان بووە. ئەو والییە ١٥٩٢ هاتووەتە دنیا و ١٦٣٦ لە مووسڵ مردووە. (سەجادی، ٢٠١٦: ٥٥٩؛ کەماڵ فواد، ١٩٧٢) واتا هەمان خان ئەحمەد خانی یەکەم. کاک موسلیم فەخری لە جوانڕۆ کە بۆخۆی وەچەی مامۆستا بێسارانییە و یەکەم کەس بووە بەڵگەمەند (قەباڵەیەکی هەڵۆخان بۆ مەلا قوتبەدین باوکی مامۆستا بێسارانی لە ساڵی ١٠٠١ کۆچی و بڕیارێکی قازی پاوە و پاسگە بۆ مەلا قاسم کوڕی مامۆستا بێسارانی لە ساڵی ١٠٧٦ کۆچی) سەلماندوویە مێژووی (١٠٥٢-١١١٣ کۆچی) بۆ مەودای ژیانی بێسارانی ڕاست نییە، ئەویش سەبارەت بەو وتووێژە شێعرییەی سەرەوە هەمان گێڕانەوەی دەستنووسی مەلا حەمە سادقی نگڵی هێناوە کە کلاوزەر نەخۆش بووە و چووەتە زیارەتی پیر باباشێخی بێساران. (فەخری، 2000: ٣٠-٣٢) وێڕای ئەو بەڵگانەی ناو وتارەکەی بەڕێز فەخری، چەند بەڵگەی دیکە (قەباڵەیەک کە مامۆستا بێسارانی ساڵی ١٠٠٢ کۆچی شاهیدی دابەشکردنی میراتی بنەماڵەیەک لە ئاوایی کلاشی جوانڕۆ بووە، قەباڵەی دووەم ساڵی ١٠٢٤ کۆچی مەلا قوتبەدین مردووە و میراتەکەی بە مەلا مەحموود و مەلا مستەفا بێسارانی گەیشتووە و قەباڵەی سێهەم کە لە پەراوێزی وەقفنامەیەک ئاماژە بە مەلا قاسم کوڕی مامۆستا بێسارانی کراوە کە کاتی خۆی چەند ساڵێ لە مەودای ١٠٦٨-١١٤٠ کۆچی کاتبی سەفی خان سوڵتانی گۆران بووە لە ئاوایی سەفیاوای جوانڕۆ) دەست کەوتوون کە دەیسەلمێنن مامۆستا بێسارانی (مەحزوونی) لە نێوان ٩٦٠-١٠٤٠ کۆچیدا ژیاوە و پیرتر لە یۆسف یاسکە بووە و وێدەچێ ساڵی مردنیان لە یەک نزیک بێ. (شاخەوان سدیق، ٢٠٢١: ١٠١-١٤٤) هەندێک گومان لەوە دەکەن کە مەلا قاسم کوڕی مامۆستا بێسارانی بێت. لە دەستنووسێک کە لە ساڵەکانی ١٢٥٨ کۆچی نووسراوە، بەراشکاوی لەسەر شێعری (نەوپاییز ویەرد) بێسارانی نووسراوە (ملا مصطفی فرماید). پاش ئەوە شێعری (قیبلەم نە سەیرم) هاتووە و لەسەری (ملا قاسم پسر ملا مصطفی) نووسراوە. (بڵبەری، ٢١a) کەواتە هیچ گومانێ لەسەر ئەو بەراوردکارییەکەی بێسارانی و یۆسف یاسکە نامێنێتەوە.

ماڵپەڕی (www.iranicaonline.org) زانکۆی کۆلۆمبیا لە وتاری (Kurdish written literature) پاڵپشت بە دوو توێژینەوەی (- David N. MacKenzie, “some Gorani Lyric Verse”, BSO(A)S 28, 1965, pp: 83-255. Mohammad Mokri, “Cinquante-deux verses de Cheikh Amir en dialecte Gorani”, LA, 1956, pp: 391-

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

422) نووسیویە یۆسف یاسکە لە دیواخانی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵاندا پێ گەیشتووە و قوتابخانەی شێعری گۆرانی بەهۆی ئەوەوە چووەتە قۆناغێکی تازەترەوە. ئەو شاعیرە ساڵی ١٠٤٥ کۆچی (١٦٣٦ ز.) مردووە.

کاتی خۆی کاک کەیۆمەرس ساڵەکانی ١٩٦٠ لە ئاوایی دەوڵەتاوای ڕەوانسەر مامۆستای قوتابخانە بووە. لەوێ ئاشنا دەبێ لەگەڵ مامۆستا سەید تاهیری هاشمی و شێخ ڕەزای شەهیدی هاشمی (١٩١٣-١٩٨٠) ئاوایی تەمتەم. بەیارمەتی دەستنووسەکانی ئەرشیڤی ئەو دوو بنەماڵەیە دەتوانێ زۆربەی شێعرەکانی مامۆستا بێسارانی کۆ بکاتەوە و ساڵی ١٩٨٢ بۆ یەکەم جار دیوانی ئەو شاعیرە چاپ بکات. ئەو بەڕێزە باسی لەوە دەکرد لەسەر یۆسف یاسکە، شێخ ڕەزا زانیاری زۆری لا بوو. کاتی خۆی باپیرەگەورەی (شێخ قادر) کە دەبێتە کوڕی شێخ ڕەسووڵی سۆڵەیی مامۆستای مزگەوتی پاڵنگان بووە. ئەو شێخ ڕەزایە دەستنووسێکی کۆنی بووە کە شێعری چەند شاعیری وەکوو مەحزوونی و یۆسف یاسکەی تێدا بووە. پاش ٦٠ ساڵ کاک کەیۆمەرس تەنیا هەندێ لەو زانیاریانەی لە یاد ماوە، بۆ نموونە: باوکی یۆسف یاسکە زاوتی هەڵۆخان بووە لە ناوچەی بێلەوار، لەگەڵ خان ئەحمەد خان پێکەوە خوێندوویانە و گەورە بووە و دواتر بووەتە پیاوی دەستەڕاستی، هەروەها باسی ئەوە کە فیتنە و دووزمان بەرگەی نێوانخۆشی خان و یۆسفیان نەگرتووە و گەلێ چیرۆک و باسیان بۆ یۆسف هەڵبەستووە کە دەستی تێکەڵ کردووە لەگەڵ خاتوو کڵاوزەڕدا. هەر بۆیە خان زیندانی دەکات و لە قەڵا و دیواخانەکەی دەری ئەکا و کڵاوزەڕیش تەڵاق ئەدا.

(وتووێژ، ٢٠١٩: مامۆستا کەیۆمەرس نیکـڕەفتار).

**بەڵگەی پێنجەم:** کاک عومەر بووتیمار خەڵکی پیرسەفای مەریوان و مامۆستای قوتابخانە دەستنووسێکی هەیە بە (کەشکۆڵی ڕەنگاوڕەنگ) ناسراوە. ئەو کەشکۆڵە هی پیاوێکی شێعربێژ و شێعردۆستی لادێیی بووە بە ناوی وەستا مەحموودی شەریفی (١٩٢٥-٢٠٠١) خەڵکی دزڵی کە ساڵانێک لە دێی پیرسەفا ژیاوە و خوێندەوارێکی سەرەتایی بووە. ناوەرۆکی کەشکۆڵەکە شێعری جۆراوجۆرە و ئەو پیاوە گەلێ گێرانەوەی ناوچەی هەورامان و مەریوان کردووە بە شێعر. یەکێ لەوانە باسی یۆسف یاسکە و کڵاوزەڕە. وەک لە خاتوو سەعیدە فارووقی بەساڵاچووی ئاوایی کانیسپیکە بیستوومە کاتی خۆی ماما پیرۆزە غەنییان خەڵکی تفڵی و بە هاوسەرگیری چووەتە ئاوایی باراماوا، ئەویش ئەو باسەی گێراوەتەوە. بەشێک لە شێعرەکەی ناو کەشکۆڵەکە ئەمەیە:

...جا خان ئەحمەد خان دارای دوو ژن بوو — لە جوانیا هەمدەسیان کەم بوو
نۆکەرێکی بوو یۆسوو ئاسکە ناو — کوڕە جوانێ بوو عەقڵی ناتەواو
شەوێ کردبووی سوحبەت لەگەڵ کڵاوزەڕ — دەرپێی گۆڕیا بوو ئەو عاقیبەت شەڕ

یۆسوو بەیانی هاتە دیوەخان — جا خان ڕوانی بە چاوی نەهان
لێی ئاشکرا بوو ئەم کارە پیسە — زانی کار ژنە ئائەم دەسیسە
هەر تا سێ دەفعە ناردیەو بۆ ماڵ — ئەم کوڕە پیسە بێ عەقڵ و کەماڵ
ئەو بێ عەقڵە سەیری خۆی نەکرد — ئەم دەرپێیە لابا ئازا و دەسوبرد
جا خان لێی پرسی لەم دەمەهەراشە — کەسێ خەیانەت بکا لە ئاغەی خۆی چی لێ بکەن باشە

جا یۆسوو وتی ئازا بە یەکجارە — جا بیبەن بینێنە چین ئەو دیوارە
دەی تۆ سەیری خۆت کە چی وا لە بەرتا — هەر ئەو قسەی خۆتە ئەیەنم بە سەرتا

جا مەعموور هاتن باڵبەسیان کرد — بردیانە سەر دیوار ئازا و دەسوبرد
جا ڕایانکێشا لە سەر ئەو دیوار — کەس تکای بۆ نەکرد یۆسۆی هەژار
جا یۆسۆ هەر خۆی شاعیرێ چاک بوو — لە وتن شێعرا فرە بێ باک بوو

وتی: چینێکت ناوە وە بانی قاچم — ئاغە مەمکۆژە لە دەس دەرناچم
[وتی:] چینێکت ناوە وە بانی پووزم — ئاغە مەمکۆژە تازە نەوچووزم
[وتی:] چینێکت ناوە وە بانی ڕانم — ئاغە مەمکژە قەزات لە گیانم
[وتی:] چینێکت ناوە وە بانی دڵم — ئاغە مەمکوژە تازە نەوگوڵم

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

| | |
|---|---|
| [وتی:] چینێکت ناوە وە بانی سینەم | خۆ کەسم نییە تا بکات شینم |
| جا وتی خان ئەحمەد خان بە تەلارەوە | هەر ئەڵێی کەرە بە هەوسارەوە |
| [وتی:] ئەگەر ئەمکوژی هەر بە کێرمەوە | ئەگەر نامکوژی هەر بە کێرمەوە |
| خاتوو کڵاوزەڕ بوو بە ژێرمەوە | [خاتوو کلاوزەڕ بوو بە ژێرمەوە] |
| ڕووم کرد بە لای کڵاوزەڕەوە | پشتم کرد بە لای لوولووپەڕەوە |
| هێشتا ئەم قسە نەبوویۆ جیا | چەپێ ئاهەکی دا بە دەرگای دەمیا |

**بەڵگە شوێنەناو و شوێنەوارەکان لەسەر ژیان و بەسەرهاتی یۆسف یاسکە :**

جیا لە بەڵگەی نووسراو و بابەتی توێی قەباڵە و دەستنووسە کۆنەکان، بوونی چەند شوێنی جوغرافیای شوێنەناو و شوێنەواری مێژوویی پێوەندییان بە یۆسف یاسکەوە هەیە. باسکردنی چیرۆکی ناونان و شەنوکەوکردنی ناونیشانی ئەوانە بەشێکی دیکە لە ژیان و بەسەرهاتی شاعیر و تەنانەت مێژووی میرایەتی خان ئەحمەد خانی یەکەم ڕۆشن دەکاتەوە.

**شوێنی یەکەم: قەڵاتی وسوو ئاسکە**

ئەو قەڵایە دەکەوێتە بەری پشدەری دەربەندی ڕەمکان کە ئێستە بە دەربەندی ڕانیە دەناسرێ و هەر دوو چیای ئاسۆس و کێوەڕەش و ناوچەکانی پشدەر و مەرگە و بیتوێن لێک جیا دەکاتەوە. ڕێک لەسەر چۆمەکەیە لە نێوان شاخی کۆلارە و گوندی خرەجۆ. شوێنەکە لە کۆنەوە گرنگی سەربازی و بازرگانی بووە. چونکە دەربەندی ڕەمکان چەقی ڕێگەی کاروانیەکانی ناوچەکە بووە. لە کەناری خۆرهەڵاتی دەربەندەکە شوێنەواری دیوار و بەردی قەڵاکە ماوە. هەروەها دوو دیواری وشکەکەڵەک لە چیاکانی ئاسۆس و کێوەڕەش بەرەو ناو دەربەندەکە داکێشراوە. ئەو ئەگەرە بەهێز دەکات سەردەمێک لەسەر زێی گەورە دەروازەیەک بۆ ئاودیوبوونی کاروانی بووە. ساڵی ٢٠١٨ شوێنەوارناسانی مۆزەخانەی لەندەن بە سەرپەرستی دکتۆر مەگینز دوو وەرز کنە و پشکنینان لەو شوێنەدا کردووە. ئەو قەڵایە لە کۆنەوە بە قەڵاتی وسوو ئاسکە یا قەڵای پژدەر دەناسرێتەوە. لای خەڵکی ناوچەکە وسوو ئاسکە هەمان گۆرانیبێژ و دەنگخۆشی تایبەتی خان ئەحمەد خانە. لە دەستنووسێکی کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی بە ژمارە ٣٠٧٧-٣٠٨٢ لە لاپەڕەیەکی پاشکۆدا بڕێ یاداشتی مێژوویی بابان و ئەردەڵانەکانی پێوەیە. یەکێ لەوانە (رفتن خان احمد خان بر سر ولايت بلباس و ببه و ساختن قلعه پشدر فی ٤ ذیالقعده ١٠٤٥). (عومەر ئیسماعیل، ٢٠١٩: ٤-٥) وێدەچێ کاتبی ئەو بەڵگە مێژووییە لە دانانی ڕێکەوتەکاندا و ساڵی ڕووداو و باسەکان تووشی هەڵە بووبێ. چونکا بە بەراورد لەگەڵ سەرچاوەکانیتر ئەو کەمایەسییە لە یاداشتەکانی دیکەشیدا دەرئەکەوێ.

خان ئەحمەد خان دوای ئەوە بووەتە میری ئەردەڵان چەند جار هێرشی کردووەتە سەر هۆزەکانی بڵباس، داسنی و ناوچەکانی سۆران، کەرکووک، ئاکۆیانی، ئامێدی، هەریر و مووسڵ. (قازی، ٢٠٠٨: ٢٤-٢٥؛ ئەردەڵانی، ٢٠٠٥: ١٥٤-١٥٥) لە هێرشیکدا عومەر بەگ میری سۆران دەکوژرێ و خانزادە خانم هاوسەری میر دەگرێت و دەینێرێتە دەرباری شا سەفی لە ئەسفەهان. پاشان لە ڕووی پەشیمانی و پارانەوە، شا دەینێرێتەوە بۆ قەڵای خان ئەحمەد خان. (موحەمەد یۆسف، ٢٠٠١: ٤٥-٤٦).

وێدەچێ ئەم قەڵاتی وسوو ئاسکەیە ئەو قەڵایە بێ کە دواتر باسی دەکەین و خان ئەحمەد خان ماوەیەک یۆسف یاسکە دەنێرێتە ئەوێ لەگەڵ بنەماڵەکەی.

**شوێنی دووەم: چنارەڕەش و کووڵی شێری زێران**

کاتی خۆی یۆسف یاسکە و خان ئەحمەد خان لە سەردەمی لاویدا بۆ ڕاو و ڕابواردن چوونەتە شاخەکانی پاڵنگان و شاهۆ و هەوارامان. لە کێوی کرنی ئاوایی بەلەبزانی لای نەوسوو شوێنێ هەیە بە کانی و هەواری خان ئەحمەد خان دەناسرێتەوە. گوایە کاتی خۆی خان ئەحمەد خان و یۆسف یاسکە کە بۆ ڕاو چوونەتە هیروێ و نەوسوو ئەو هەوارەیان پێ خۆش بووە و لەوێ لایان داوە. هەروەها بەپێی گێڕانەوەی بەساڵاچووەکانی ناوچەی جوانڕۆ شوێنێکی دیکەی ڕاوی خان ئەحمەد خان ئاواییەکانی زێران، شەروێنە، کڵاشی هەوش و سوورەوان بووە. کەڵێکی بەفری لە شاخی وێسووو تەڵەشنی زێراندا بووە. خان ئەحمەد خان زۆری پێ خۆش بووە بە دەستی خۆی ڕاوی بکا. چەند جار تایبەتی مەتەرێزی بۆ گرتووە، کەڵ دەرچووە. هەموو نەچیرەوانی ئەو ناوچە باسی تووکی بەفری و شاخی زێرین و قەپۆزی قەترانی ئەو کەڵەیان کردووە. سەفەرێک خان ئەحمەد خان لە بن چنارەڕەشەکەی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

وێسووو‌تەڵەشن دەبێ یۆسف یاسکە کەڵەکە دەکوژێ و شاخی خوێناوی کەڵەکەی بە دەستەوە ئەبێ و پێی دیاری ئەکا. خان ئەحمەد خان شاخی کەڵەکەی زێران هەڵدەگرێ و هەمیشە وەک دیاریەکی یۆسف یاسکەی هاوڕێی دەیپارێزێ. خان لە بەرامبەردا مڵکی زێرانی بۆ قەباڵە ئەکا. دوای گەڕانەوەی بنەماڵەکەی یۆسف یاسکە لە زەلم بۆ ناوچەی جوانڕۆ، مامۆستای مزگەوتی قەڵای خان ئەحمەد خان قەسەمنامەیەک ئەنووسێ بە کوڕەکانی کە نابێ جگە لە سنوور و برەی زێران هیچ شوێنێکی دیکە بڕۆن و لە زێران بمێننەوە. واتا دەسەڵاتی ئەردەڵانەکان ئەمان‌نامەی بە بنەماڵەی یۆسف یاسکە داوە. ئیستاکەش خێڵی خدروەیس باس لەوە دەکەن ئەو قەسەمنامەیە دەستاودەست لە ناو ئەواندا پارێزراوە. [هەوڵی زۆرمان دا، بەڵام تا ئیستە دەستمان نەکەوتووە.] هەروەها باس لەوە دەکەن کوڕەکانی وێسوو یاسکە کە نیشتەجێ زێران بوون، زستانان خەریکی دارتاشی و خەراتیکاری دەبن. کاتی خۆی کەسێک بە ناوی کەوڵەشڕ لە پێش بنەماڵەی وێسوو یاسکە لە زێران کاری دارتاشی و چەمچەتاشی کردووە. هەر بۆیە ئێستەش لە ناوچەی جوانڕۆ زێران بە ئاوایی وەستای خەڕاتی و دارتاش دەناسن.

یۆسف یاسکە دوو ئەسپی ئەبێت: کەووگ و تاڵەشەل. جارێک هەر دوو ئەسپەکەی بەرەو ئێلاخی سەراوسۆڵە دەبات. ئەسپە کەووگ لە سەراو بەر ئەدا، ڕەووگ بێ. ئینجا لە کەژی (کووڵی شێری)یش تاڵەشەڵ دەبەستێتەوە. پاش تاوێ شێرێک پەلاماری ئەسپەکەی ئەدا و تاڵەشەل دەدڕێ. یۆسف یاسکە کە دەگەڕێتەوە بۆ سۆڵە، دەبینێ ئەسپە کەووگیش نەماوە و براوە. ئینجا بەرەو لای خان ئەحمەد خان ئەڕوات و دەردی خۆی بۆ باس دەکات:

ئەسپە کەوگم بوو لە ئێلاخ بریا — تاڵەشەلم بوو لە زێران خوریا
تفەنگێکم گەرەک دەساوەپل وێ — لە پرشەی خاشەی نەچیرەوگل وێ
خەڵاتە خاسەی دەسی خانان وێ — مەلووچگ‌هەڵگر گۆشەی بانان وێ

خان ئەحمەد خان فەرمان دەکا یۆسف یاسکە تەیار بکەن تا ئەو شێرە بکوژێ. گوایە چەند جار پارێزی بۆ دەگرێ و خۆی حەشار ئەدا. جارێک لە کووڵی شێری تووشی دەبێتەوە و شێرەکە بریندار ئەکا. تا ئەوەیکە تا کەناری چۆمی لێڵە دوابەدوایدا دەڕوات و برینەکەی قووڵتر دەکا. سەرنجام لە شوێنی بەردەکەوەی بەردێ زێران دەیکوژێ. خەڵکی زێران ئێژن هێشتا جێ چڕنووکی شێرەکە بە بەردەکەوە ماوە.

ڕۆژبەڕۆژ نێوانیان خۆش دەبێ. تا ئەوەیکە یۆسف دەبێتە وەزیری خان ئەحمەد خان. بۆ ڕۆم و عەجەم پێکەوە دەڕۆن. هاوسەری خان دڵی ئەچێ لە یۆسف و ناتوانێ یەک ڕۆژ چاوی لێ دوور بێ. یۆسف هەم پێی خۆش دەبێ و هەم ناوێرێ هیچ پرکێشی بکات. ڕۆژێک یۆسف کاکڵەی گوێزێ کوێر هەڵدەکۆڵێ و نامەیەکی تێدا دەشارێتەوە. دەیبەستێ و دەیخاتە ناو توورەکەی گوێزی ئازا و بۆی دەنێرێ. پەری و پەریسا ناوی کلاوزەڕی هاوسەری و کچەکەی خان ئەحمەد خان بووە. گوایە پەریسا بە نامەکە دەزانێ. خان دەشڵەژێ و بانگ لە وەزیرێکی دەکا. وەزیرەکە ئێژێ کەسێ کاری وا بە ژنی خان بکات دەبێ بکوژرێ، بەڵام نابێ ئاوڕووی خان بتکێ. ئینجا پیرەژنێ ئەنێرن بۆ لای کۆنەدۆسێکی یۆسف یاسکە. دەمی چەور ئەکەن کە دڵی زینوو بکاتەوە و یۆسف ڕابکێشێتە ناوماڵی خۆی. کۆنەدۆس زێڕ و زیوی خۆی ئەگرێت و چوار براکەی لە دەوری ماڵەکەدا کۆوەی بۆ ئەگرن. یۆسف دەگاتە هێوانی ماڵی کۆنەدۆس و تاقە ماچێ ئەکا و دەست بە دەمەتەقە ئەکەن:

کۆنەدۆس: وێسووو بەرم دە کەڵەشێر قوولاندی
وێسووو یاسکە: وس بە بخەفە مامرە جووکاندی
کۆنەدۆس: وێسووو تۆ وس بە سۆحی سەڵاتە
وێسووو یاسکە: دوێتە بخەفە مانگە هەڵاتە
کۆنەدۆس: وێسووو بەرم دە ڕانەکەیان برد
وێسووو یاسکە: دوێتە بخەفە مافەتەیان کرد

براکانی کۆنەدۆس دوای ئەم وتوویرە دڵدارانە یۆسف یاسکە ڕاکێش دەکەن و بە لێدان تا بەردیوانی خان ئەحمەد خانی ئەبەن. خان دەست ئەکا بە لێپرسینەوە و ڕاوڕوویەکی زۆری بۆ دێنێتەوە کە لەگەڵ کچی خەڵکدا ڕاتبواردووە. یۆسف یاسکەیش لە هەموو

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

کەس باشتر بە نهێنی و خۆشگوزەرانی خان دەزانێ. ئێژێ خان خۆت ئەزانی کۆنەدۆس خۆی بانگی کردووم و تاوانی من نییە. خان دەست لەسەری هەڵناگرێ و ڕاکێشی دەکا بۆ مەیدانی کوشتن. یۆسف یاسکە بە پاڕانەوە ئێژێ:

ئەم شانەکەم ئەو شانەکەم        ئاغا دەردوو لە گیانەکەم
دەسێ بخەرە وە بانی سەرم        ئاغە مەمکوژە گەورەنۆکەرم
دەسێ بخەرە وە بانی دڵم        ئاغە مەمکوژە من تەنیابالّم

خان ئەحمەد خان گوێ ناگرێ و دەستوور ئەدا بیبەسنەوە و دەوری هەڵچنن و گڵ بکەنە دەوری تا ئەمرێ. ئیتر ئەمجارە ئێژێ:

ئاغە ئەو ڕۆژە تۆ ڕاوو ئەکرد        من لێر کلاوزەڕ پشێ میاووم ئەکرد

ئیتر ئەمجارە خان ئەحمەد خان خوێنی هەڵەکفێ و بەزەیی بە مارا دێتەوە بەوا نایتەوە. بۆخۆی کۆتا هەناسەی ئەکێشێ.
(وتووێژ ٢٠٢١: مەلا موحەمەد وەیسی، یاروەیس وەیسی، مەعرووف غەفووری، عەلی بەشارەتی، سەید خان کەرەمی و لەتیف وەیسی لە زێران و غەفار ئیبراهیمی لە جوانرۆ).

**شوێنی سێهەم: تەختی خان ئەحمەد خان**

شاخی بەرزی کوڕەکاژاو دەکەوێتە ناوچەی شارباژێر. لە ناودێ کاژاو دوو سەرچاوەی گەورە هەیە: کانی باخ و کانی لۆچکە. ئاوی لۆچکە لە شارباژێر زۆر خۆش و تایبەتی و ناسراوە. بەساڵاچووانی کاژاو لە زمانی خوالیخۆشبووان کوێخا مارف و حاجی مەلا کەریم کە کاتی خۆی دوو پیاوی ئەزمووندار و خوێندەواری ناوچەکە بوون، دەیگێڕنەوە جارێ خان ئەحمەد خان لەگەڵ وسوو ئاسکە لە ڕاو دەگەڕێنەوە و لای کانی لۆچکە لایان داوە. خان ئەحمەد زۆر خۆشی هاتووە لە ئاوی لۆچکە و بەرزەوەندی کوڕەکاژاو. وسوو ئاسکە دەستبەجێ پیاو دەنێرێ و تەختەڕەوان و بارگە و بنە لە قەڵای سرۆچک کە نزیک بووە لەوێ، دەهێنن و خان دەبەنە سەر لووتکەی کوڕەکاژاو. لەو شوێنەی ئێستە بە تەختی خان ئەحمەد خان دەناسرێت، چەند شەو دەمێننەوە. خان بڕیار ئەدا گەڕایەوە بۆ زەڵم دەست بکات بە ئامادەکاری بۆ گواستنەوەی بنە و هەوارێکی بۆ کوڕەکاژاو.

(وتووێژ، ٢٠١٤: موحەمەد مام قادر و موحەمەد ئەمین حاجی حسێن لە کاژاو)

**شوێنی چوارەم: کونابا یا چاڵ زینان**

لە ڕووکاری قەڵای حەسەناوا بەرەو ناودێ و شاری سنە واتا لە نێوان هانەڕۆمیان و وەزە گەورە و گۆڕایی داوێنی لووتکەی قەڵاکە شوێنێک هەیە بە چاڵ زینان دەناسرێتەوە. ئەوێ کاتی خۆی بەندیخانەی نەیاران و تاوانکارانی قەڵا بووە. لە پشتەوەی وەزەگەورە شوێنێک هەیە بە یاگەو یاسۆ دەناسرێ. لە گەشتێک بۆ ئەو قەڵایە و وتووێژ لەگەڵ بەساڵاچووەکانی حەسەناوا هەندێک (یاسۆ)یان بە (وێسووو، یۆسف) دەزانی. هەروەها باسیان لەوە دەکرد یاسۆ یەکێ لە پیاوەکانی خان ئەحمەد خان بووە و خان هەمیشە لەگەڵ خۆی بەم لا و ئەو لا بردوویە. بەساڵاچووەکانی ناوچەی حەسەناوا چیرۆکی یۆسف یاسکە وا دەگێڕنەوە کە لە قەڵای حەسەناوا بەند کراوە و لاشەکەی خراوەتە توێی دیوارەکانی پشتی هۆماراوی هانە ڕۆمییان. ئەوسا لە حەسەناوا و دەوروبەر ئەگەر کەسێ خۆی زۆر بە ئازا و بەهێز زانیوە، پێیان وتووە: ئەگەر ڕاس ئەکەی بڕۆ گابەردەکان دیوار قەڵا دابگرە و لاشەی وێسووو ئاسکە بێرانە ناو زیارەتان موسڵمانان، با باوەڕت پێ بکەین.

(وتووێژ، ٢٠١٧-٢٠١٨: ئەسکەندەر موورادی خەڵکی داریانی پاوە توێژەری بواری شوێنەوارەکان)

**شوێنی پێنجەم: کەکەوی (کێکف یا کەوت) وێسووو ئاسکە**

کاتی خۆی خوالێخۆشبوو مەلا موحەمەد ئاغای بڵبەر کەسێکی زۆر شێعرزان و حەکایەتخوان بووە. چەندین جار سانی هەورامانی تەخت بانگێشتی دەکا بۆ میوانی خۆی. هەمیشە بە شێعر و چیرۆک گێڕانەوە سەرنجی خەڵکی ڕاکێشاوە. کاتی خۆی قورئانە دەستنووسەکەی مامۆستا صیدی هەورامی لای ئەو پیاوە بووە. دواتر دەستاودەست گەیشتووە بە بنەماڵەی ئەدوایی لە سلێن. یەکێ لە چیرۆکەکانی مەلا موحەمەد ئاغا، دڵداری کلاوزەڕ و یۆسف یاسکە بووە. گوایە هەر جارێ خان ئەحمەد خان گەڕاوەتەوە بۆ پاڵنگان لە هەورەقەڵای نێوان سلێن و نوێن لای داوە. ئەو شوێنە هەم بە هەورەقەڵا و هەم قەڵای خان ئەحمەد خان دەناسرێتەوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
ص: 60-91
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لەوێ تووشی ناکۆکی بووە لەگەڵ قەڵای دێوەزناو و هەورامانی تەخت. جارێکیان خان، یۆسف یاسکە دەنێرێت بۆ داکۆکی لەگەڵ حاکمی دێوەزناو. لە ڕێگا زۆر ماندوو ئەبێ. ئەسپەکەی ئەبەستێتەوە بە دار کەکەوێکەوە. خەوی لێ ئەکەوێ و لە خەودا پەرییەک دەبینێ، سپی وەک بەفری یەکشەوە. وەک لە ئاوێنە تیشک لە چاوی بدات، خەبەری دەبێتەوە. بە هەستانەوەی کوتوپڕی، ئەسپەکەی ڕادەچەنێ و هەوسارەکەی دەکێشێ و هەڵدێ. یۆسف ڕێ دەگرێتە بەر و دەگاتە دیواخانی دێوەزناو. شەو دیسان خەون بە پەرییەکەوە دەبینێ. پەری هاتووەتە سەر دەروازەی ماڵەکە. یۆسف دەستی بۆ ڕادەکێشێ، بەڵام دەستی شەوژەنەکە دەگرێ و ئەمجارەش خەبەری دەبێتەوە. بەیانی کە پایەکی لە ئاوزەنگی ئەسپەکەی دەخا، پێی دیکەی ئازاری پێ دەگات و پەکی دەکەوێ. ژنی حاکم تیماری دەکات. شەوی دووهەم دووبارە پەریەکە دێتەوە خەوی. ئەوجارە پەری دەگاتە سەر سەری. یۆسف دەست ئەبات زڵفی بگرێ، دیسان خەبەری دەبێتەوە.

دارتاشێ ژیر و زانا لە قەڵای خان بووە. یۆسف خەوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و ئەویش لێکی ئەداتەوە. ئیتر یۆسف دەزانێ هاوژینی ئەو لە دیواخانی دێوەزناوە. وەستا ڕۆژێ ڕێ دەگرێتە بەر و دەڕوا ئەو دار کەکەوە دەبڕێت. لە دارتاشخانەکەی کورسی و ئەسکەملێ جوان ئەتاشێ و دەیباتە بەردەستی خان ئەحمەد خان. هەموو دانیشتووانی شانشینەکە ڕادەکێشرێن بۆ لای نەخشی دەسکاری وەستاکە. خان لێی ورد ئەبێتەوە و دەزانێ ئەوە نهێنییەکە. وەستا نەخش و نیگاری ئەسپ و پەری و یۆسفی جوانخاس کە ڕاکشاوە و کەکەوەکە هەڵیگرتووە، بۆ خانی دەگێڕێتەوە. پاش ئەوە خان لەگەڵ دەسەڵاتی دێوەزناو ئاشتی دەبێتەوە و کچی حاکم دەخوازێ بۆ یۆسف یاسکە. بووک وەک پەری زەمان بووە و هەر کەس ئەو دوو هاوژینە دەبینێ، سەری سوڕ دەمێنێ لە جوانی بووک و زاوا. پاش ماوەیەک خان گومان دەکات کڵاوزەڕ خەریکە دڵن ئەداتە دڵنی یۆسف و لە کۆڵی نابێتەوە. فرمان دەکا و یۆسف دەنێرێ بۆ یەکێک لە قەڵاکانی. کڵاوزەڕ بەو جۆرەش دەست هەڵناگرێ. ڕۆژێک کڵاوزەڕ سەرخود سەردانی یۆسف یاسکە دەکا. سیخوڕ و کوڵەفیتەکان باسەکە دەبەنە بەرگوێی خان. ئیتر ئەوجارە خان، یۆسف زیندانی دەکا.

(وتووێژ، ٢٠١٩-٢٠٢١: وەهاب ئەدوای لە سلێن و هووشەنگ غەنییان لە تفڵی)

هەروەها کوڵەفیتەی ناوقەڵا ئەیگێڕنەوە بۆ خان ئەحمەد خان کە یۆسف یاسکە بە باڵا و جوانی و چاوی ڕەشی کڵاوزەڕدا گۆرانی ئێژێ. خان بانگی ئەکات و هۆکاری ناوهێنانی ژن و چاو و کەمەر و جوانی ڕۆخساری لێ ئەپرسێ کە بۆ دەیخاتە ناو گۆرانیەکانی. ئەویش ئێژێ گۆرانی ئەگەر ناوی ژن و ئەو جوانیانەی تیا نەبێ، گۆرانی نییە. خان زۆری بۆ دێنێ کە دەبێ گۆرانیەک دابێنێ ناوی ژنی تیا نەبێ. ئەویش دەستی پێ ئەکات و کۆپلەیەکی بۆ دادەنێ. خان لەو داهێنانە سەری سوڕ ئەمێنێ:

مەرەزان جە دەیم کەما و لۆ پاراو      مازووار جە چەم ویکۆڵ وەرەتاو
ژەرەژان جە بەحر ماسیاوان جە کۆ      چەم هەڵگەڕێتۆ گۆمەز گرێ گۆ
فنگە مەناڵنۆ وە ژێر بارەوە      وشتر مەچریکنۆ وە چنارەوە

(وتووێژ، ٢٠١٩-٢٠٢١: ڕەمەزان همیرخان کۆساری لە هاوار، موحەمەد ئەمین قادری لە بنۆڵ و هووشەنگ غەنییان لە تفڵی)
[یۆسۆ لە زیندانا ئەبێ] جارێک کڵاوزەڕ ئەدا بە لایا. ئەبینێ یەک دوو کەس ئازاری ئەدەن بە داخ کردن. خاتوو کڵازەڕ کەسەکان دوور ئەخاتەوە و لە یۆسۆ یاسکە دەپرسێ: چۆنی؟ ئەویش لە وڵاما ئەڵێ:

گەر سەد ساڵ سۆچوو دار وەن لە شاخان      هیچ باکش نیەن عەرعەر لە باخان

کاتی خۆی یۆسف یاسکە شاعیر و سیاچەمانەواچی تایبەتی دیوەخانی خان ئەحمەد خان بووە. دەگێڕنەوە گۆرانی (ئای گەردوون گەردوون) ئاوازی وێسۆ یاسکەیە:

سەرکەشا لێڵەن پای کەشان زەبوون      سەرتەڵی ڕێحان بڕیان نە بەیبوون

(زەڵمی، ٢٠٠٨: ١٧٨)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

مامۆستا ئەمین کاردۆخی لە مەلا نەجمەدینی باپیری لە بیارە گێراویەتیەوە تا سەد ساڵ لەمەوپێش لە پشت وشکەکەڵەکی قەوری وێسووو یاسکە لە زەڵم، دار کەکەوێ (کێکف) گەورە بووە. کاتی خۆی پیاوەکانی خان، یۆسفیان بەو دارەوە پاڵ داوەتەوە و گەچوگزییان گرتووە و شاردوویانەتەوە. قەدی دارەکە بەرەو دیوارەکە چەماوە. خەڵک وتوویانە کاتێ یۆسف بە زیندوویی گڵ و بەردییان کردووەتە پای، پەلەقاژەی کردووە و دارەکە چەماوەتەوە.

(وتووێژ، ٢٠١٩: مامۆستا کەیۆمەرس نیکـڕەفتار)

**شوێنی شەشەم: زینانی وێسووو ئاسکە**

مامۆستا عبدالرقیب یۆسف توێژەر و مێژوونووسی ناوداری کورد ساڵی ١٩٩٣ لە سەردانی زەڵم و تۆمارکردنی شوێنەوارەکانی ئەو قەڵایە، وشکەکەڵەک و دیوارەکە وا یۆسف یاسکەی تێدا زیندەبەچاڵ کراوە بە (برجی وسوو ئاسکە) ناو هێناوە. (عەبدوڕەقیب یۆسف، ٢٠٠٨: ٨٩-١٢٠) ئەگەرچی هەموو گێرانەوەکان باس لەوە دەکەن ئەو چیرۆکی دڵدارییە لە قەڵای زەڵم ڕووی داوە. ئەڵبەت ئەگەر لە نزیکەوە سەیری شوێنەوارەکانی ئەو قەڵایە بکرێ، دەرئەکەوێ کە ئەوێ زیاتر شوێندەستی خان ئەحمەد خانی پێوەیە. بۆ نموونە خەڵکی زەڵم زیاتر بە قەڵای خان ئەحمەد خان ئەیناسنەوە، هەروەها تەختانێک هەیە بەرامبەر زینان و قەوری یۆسۆ یاسکە لە دەستی قەڵا و شانشینەکە بە سەکۆی خاتوو کڵاوزەڕ ناو دەبرێ یا لە لووتکەی شاخی سەرزەڵم لای قەڵای بەرەگاخووگان و کەرەجاڵ شوێنێک هەیە بە یاگەو وێسووو یاسکە دەناسرێتەوە. گوایە لەوێ سیاچەمانەی چریوە و خاتوو کڵاوزەڕ لەگەڵ یاسکەی دایکی تێ پەڕیون. ئینجا شەوێ لە بەزمی خۆشیی شەوانەی ناوقەڵا کڵاوزەڕ داوا لە یۆسف یاسکە دەکا هەمان بەزمی بەزمی سیاچەمانەی (جوانە سیاچەم جوانە لەیلێ گیان) لە مەڵەخورد دەتچرێ، سرمیچی شانشینی قەڵای پێ بخە لەرزە. پاش ئەوە ئیتر باسی چریکەی دەنگ و چرەی سیاچەمانەی بە هەموو شوێنێکدا بڵاو ئەبێتەوە. توێژەرانی گەورەیش بەگوێرەی گێرانەوەی سەرزاران باسی قەڵای زەڵمیان کردووە بۆ شوێنی ئەو چیرۆکە نەک قەڵای حەسەناوا و لەوێ خان ئاگەداری دڵداری هاوسەر و وەزیرەکەی بووە. ئینجا وەزیرەکەی ئەگرێتە گەچ و ئەیکوژێ. (موفتیزادە، ٢٠١٨: ١٩٠-١٩١) جۆرێکی دیکە باس دەکرێ کە خان دەستبەجێ کە زانی یۆسف نێوانی هەیە لەگەڵ کڵاوزەڕ، دەیگرێ و لە دیواری قەڵای حەسەناوا شۆڕی دەکاتەوە و دەیکوژێ. ئینجا لە توێی دیوارەکەی دەشارێتەوە. (بابانی، ٢٠١٢: ٤٨).

لە دۆڵ و دەربەندی زەڵم دوو شوێن هەیە بە ناوی زینان و قەورەکەی وێسووو یاسکە. ئەوەی زینانەکە کۆمەڵێ تاشەبەرد و تاوێرێ بەرزە کە نێوانەکەی چۆڵ و قووڵە لە دۆڵەکەی داوێنی شانشینەکەیە. تەنیا لە یەک شوێن بە ئاسانی چوونەژوورەوەی هەیە. گوایە سەرەتا خان ئەحمەد خان دڵنیا نەبووە لە باسەکە. چونکا هەندێ خەڵک لە ناو قەڵا ڕکەبەرایەتی و دوژمنیان بووە لەگەڵ ویسۆ یاسکە و لە کایەک کێوێکیان هەڵچنیوە. بەتایبەت لەوەی کە خان و هاوسەرەکەی خۆشیان ویستووە. هەروەها یاسکە بەهۆی ئەوە کە مێرد و کوڕەکەی خوێندەوار بوون و ئەویش بۆخۆی هەوڵی داوە و ڕەش و سپی جیا کردووەتەوە، خاتوو کڵاوزەڕیش کردوویەتیە وەرگێری خۆی و بۆ هەر کوێ چووە لەگەڵ خۆی بردوویە. هەروەها دەنگخۆشی یۆسف بە هەموو ناوچەکەدا بڵاو بووەتەوە. گوایە جارێ چووەتە بان مەڵەخورد و داڵانی سیاچەمانەی وتووە. خەڵک لە دوورەوە دەنگیان بیستووە و خاتوو کڵاوزەڕیش لەسەر سەکۆکەی بەردەم شانشین گوێی لێ بووە. نۆکەرەکان ئەمە دەگێڕنەوە بۆ خان ئەحمەد خان. ئەویش هەڕەشە لە یۆسف دەکا غەڵەتی وا نەکا سووسەی بخاتە دڵی هاوسەرەکەیەوە.

جارێکی دیکە بەزمی شەوانەی ناو قەڵا دەبێ و یۆسف هەمان بەزمی بەزمی (جوانە سیاچەم جوانە لەیلێ گیان) دووپات دەکاتەوە. دەرەنگانی شەو باسەکە بە گوێی خان دەگاتەوە. ئەویش ئەمجارە بانگی دەکات کە "ناوێسی و گورج لە ماڵ تیتە دەر تا تەختی شانشین". یۆسف بەو بانگێشتە دەشڵەژێ و لە جێی پاتۆڵەکەی خۆی هەلاوەسوورەکەی خێزانی لەبەر دەکات. کاتێ دەگاتە بەر شۆڵەی شانشین و خان چاوی بە هەلاوەکە دەکەوێت چاوی دەپەڕێتە تەوقی سەری. دەبینێ هەلاوەسوورەی کڵاوزەڕە، یۆسف لەبەری کردووە. دەستبەجێ وە بەر لێدانی خان و میرغەزەب دەکەوێ. دەست و پێی دەبەستنەوە و لە زیندانی دەخەن. کڵاوزەڕ ڕوو لە خان دەکا و ئێژێ بۆخۆم ئەو جل و بەرگانەم بە یاسکە داوە. یۆسف ترساوە و هەلاوەکەی دایکی یا خێزانەکەی هەڵگرتووە. ماوەیەک یۆسف لە زیندانی زەڵم دەبێ. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کڵاوی زیاتری بۆ هەڵدەبەستن و گوێ خان پڕ دەکەنەوە. شەوێک خان خۆی دادەگرێ و گوێ ڕادەدێرێ لە سرتە و ویرەی زیندانیەکەی. یۆسف لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێ و جارجارەیش بەزمی سیاچەم گیان دووپات دەکاتەوە. ئیتر ئەمجارە فەرمان دەکا بیبەستنەوە بە دار کێکفێک و گەچوگزی بگرن و زیندەبەچاڵی بکەن. پاشان بۆخۆیشی کڵاوزەڕ فڕێ ئەداتە ناو تافی زەڵم و ئاو دەیبا.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص: 60-91
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

(وتووێژ، ٢٠١٩-٢٠٢١: ئیبراهیم حاجی، ئەمین حاجی و ئیحسان یاسین عەلی [بیرەوەری باپیری عەلی عەودە] زەڵمی، موحەمەد ئەمین قادری بنۆڵ، وەهاب ئەدوای سلێن و هووشەنگ غەنییان لە تفڵی) .

وەستا موحەمەد ئەمین لە بنۆڵ دەیگێڕایەوە کاتی خۆی کابرایەک بە ناوی حەمە مراوی میرزا کە خەڵکی ناوچەی خورماڵ بووە هاتوچۆی دیوی هەورامانی کردووە. ئەو کابرایە باسی شارەزایی عەلی عەودە ڕەمەزانی زەڵمی کردووە کە لە گۆرانی و شێخانە و سیاچەمانەدا باندەستی نەبووە. هەموو جارێ وتوویە میراتی دەنگخۆشی و سیاچەمانەبێژی یۆسف یاسکەی پێ گەیشتووە. بەساڵاچووەکانی زێرانیش دەیگێڕنەوە کاتێ یۆسف یاسکە لە چڵەی مەڵەکشا و چنارەرەش سیاچەمانەی وتووە کەڵی شاخ لە چریکەی ئەو دەنگە وشک وەستاون و نەچوون. هەروەها توێژەرانی ئێستەی کوردەواری کە لەسەر مۆسیقای هەورامان کۆڵیونەتەوە باسی ئەوە دەکەن سیاچەمانەچڕانی ئیستە و سەد ساڵی ڕابردوو وەکوو مامۆ هەیدەر نۆتشی و مامۆستا عوسمان هەورامی بەرەی دەنگی چڕینی سیاچەمانەی یۆسف یاسکەیە. (زەڵمی، ٢٠٠٨: ١٧٥-١٧٩؛ ئەمینی و مورادی، ٢٠١٨: ٨٦-٩٥) بەپێی گێرانەوەی سەرچاوە مێژووییەکان دیواخانی هەڵۆخان سەماکار و گۆرانیبێژ و بەزمگێڕی سەرنجراکێشی تێدا بووە. ساڵی ١٠٢٠ کۆچی هەڵۆخان بۆ پەیمانبەستن لەگەڵ شاعەباس، پێنج گرووپی هەڵپەڕکێ و ژەنیار و گۆرانی لەگەڵ دیاری شاهانەکەی ناردووەتە دەرباری سەفەوییە. (مونەجم، ١٩٨٧:٤٢٢) کەواتە لە کەش و حاڵێکی ئاوادا پسپۆڕێکی سیاچەمانە و سەما و دەنگخۆشی وەک یۆسف یاسکە گەشە دەکات. هەر بۆیە خان ئەحمەد خانیش زۆر خۆشی هاتووە لە سەما و گۆرانیەکانی یۆسف. (بابانی، ٢٠١٢: ٤٨) .

مامۆستا کەیۆمەرس ساڵی ١٩٨١ لە مامۆستا خەسرەو هەڵەبجەیی کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەهۆڵەکەی سلێمانی بووە، بیستوویە باپیرەگەورەی، حەمە پاشا باوکی مەحموود پاشای جاف جارێک بۆ ڕاو دەچێتە شاخی مەڵەخورد. لە گەڕانەوەدا تووشی شەڕێکی گران دەبێ لە زەڵم. پیاوێک دەستدرێژی کردووەتە سەر ژنێک. پیاوەکە کوژراوە و ژنەکەیش فڕێ دراوەتە ناو تافەکەی زەڵم. حەمە پاشا شەڕەکە دەکوژێنێتەوە و تووڕە دەبێ و دەڵێ مەگەر ئێوە وەچەی خان ئەحمەد خانن کە بە زیندوویی ئینسان بخەنە ئەو ئاوە، بخنکێ. دەستبەجێ ئەمر ئەکات و لاشەی ژنەکە لە گۆڕستانەکە دەنێژن.

(وتووێژ، ٢٠١٩: مامۆستا کەیۆمەرس نیکڕەفتار)

بەساڵاچووانی زەڵم دەیگێڕنەوە کە ئەوسا کەسانێک بوون کە هەر جار ئاوی چۆم و تافی زەڵمیان خواردۆتەوە، وتوویانە: خوا لامان بات لە داوێنپیسی و زینا. چونکا کاتی خۆی کلاوزەڕی فارس ویستوویە حەیای مێردەکەی و بنەماڵەی هەڵۆخان ببا.

(وتووێژ، ٢٠٢١: مامۆستا جەماڵ ئەحمەدی ئایین لە سنە [توێژەر لە بواری مێژووی ئەردەڵان])

**شوێنی حەوتەم: قەور ویسووو یاسکە**

لە زنجیرە چیای کۆساڵان و نێوان ئاوایی‌یەکانی بنۆڵ و تفڵی شوێنێک هەیە کە دەکەوێتە داوێنی لووتکەی شاخی بەرزی پیربالێنان (پیربالەوین). خزنێکی بەردەچن هەیە و بە (قەور ویسووو یاسکە) دەناسرێتەوە. بەساڵاچووەکانی ئەو دوو ئاواییە وای دەگێڕنەوە کە خان ئەحمەد خان دڵ پیس ئەکا لە یۆسف یاسکە. ماوەیەک لە زینانی قەڵای زەڵم ئەشکەنجەی ئەدا و هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکا. خێڵی هۆشی (هۆشیار) کە پێشتر هاتوچۆی شارەزووریان کردووە و شارەزای قەڵای زەڵم بوون، پیشەیان خومکەری بووە و بە گیای ڕەژیلە و ڕۆنیاس شاڵ و هەلاوەی سوور و زەردیان بۆ دانیشتووانی شانشینی زەڵم دروست کردووە. هۆشییەکان ماڵە باوانی یاسکە بوون. شەوانە هەڵدەکوتنە سەر زینانی قەڵا و یۆسف ڕزگار دەکەن. بەیانی خان ئەحمەد خان پیاوەکانی بە چوار دەورا ئەنێرێ. فەرمان ئەکا لە هەر کوێ یۆسف یاسکەتان گرت، بیکوژن. ئەو سەردەمە هۆشییەکان هەواریان لە کۆمسایی و باوەخوشینی کۆساڵان بووە. گوایە پیاوەکانی خان لە شاخی پیربالەوین یۆسف یاسکە دەکوژن.

(وتووێژ، ٢٠٢٠-٢٠٢١: وەستا موحەمەد ئەمین قادری لە بنۆڵ، مەلا فایەق قوتبی [وەگێراو لە باوا قوتبەدین دەل] و سۆفی حەبیب دەبیری دەگاشێخان).

بە جۆرێکی دیکەیش دەیگێڕنەوە. گوایە دوای ئەوەی یۆسف یاسکە لە قەڵای زەڵم زیندەبەچاڵ دەکرێ، یاسکە داوا لە خێڵی هۆشی دەکا فریای بکەون و لاشەی کوڕەکەی دەربهێنن و لە شوێنێ وەک مردووی موسڵمانان بینێژن. هۆشییەکان شەوێک هەڵدەکوتنە سەر شوێنی زیندەبەچاڵەکە و لاشەکە دەردێنن و دەیبەن لە شاخی پیربالێنان دەینێژن. دواتر کە خان بەو کارە دەزانێ هەڕەشە لە هۆشییەکان دەکات کە ئیستا زستانە، ڕەچە شکا هەمووتان تەفروتوونا دەکەم. بەهار کە دادێت خان کوێر دەبێت و بڕیارەکەی ناچێتە سەر.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

(وتووێژ، ٢٠٢١: فاتیح وەیسی [نووسەری کتێبی مێژووی مەریوان]، هۆشەنگ و مەنووچێهر غەنییان [بیرەوەری باپیری میرزا ساڵح سنەیی] لە تفڵی).

**شانۆی وێسووو ئاسکە:**

زێران و ژمارەیەک ئاوایی دیکەی ناوچەکە لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق لە ئوردووگای ڕۆمادی نیشتەجێ دەبن. دەگێڕنەوە جارجارە بەرپرسانی کارگێڕی کەمپەکە بەرنامەی گۆرانی و فیلم و کەلتوورییان بۆ خەڵکەکە داناوە. شەوێک لەو شەوانە بانگەوازی فیلمی دڵدارانەی یۆسف یاسکە دەکرێ. خەڵکی زێران ئەوەیان بە لاوە سەیر دەبێ و دەڵێن یۆسف یاسکە باپیرە گەورەی ئێمەیە و بیستوومانە کە خانی ئەردەڵان لەسەر ئەوەی گوایە پێوەندی بووە لەگەڵ هاوسەرە فارسەکەی، کوشتوویە. وەک باسی دەکەن فیلمەکە هی کەناڵێکی ناوخۆیی ئەوکاتەی عێراق بووە و زمانەکەیشی کوردی بووە.

مامۆستا ئاکۆ (عەباس) جەلیلیان توێژەر و نووسەری گەورەی ناوچەی کرماشان باس لەوە دەکات دەوری ٢٠ ساڵ پێش ئێستا جارێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری شوێنەناوی ئاواییەکان چووەمە ناوچەی بێڵەوار. ڕۆژێک ڕادیۆی کرماشان بۆ بەرنامەیەکی ڕادیۆیی لەو ناوچەیە دەبن. بەڕێز عەلی موحەمەد پەنجەعەلی قەزوێنە پێشکەشکاری بەرنامەکە بۆی باس دەکا شانۆنامەی یۆسف یاسکەی ئامادە کردووە و لە چەند بەرنامەیەکی ڕۆژانەی ڕادیۆی کرماشان دەیخوێنێتەوە.

**خێڵی هەوەشی:**

ئەگەرچی تا ئێستە هیچ بەڵگەیەکی نووسراو دەر نەکەوتووە کە خێڵی هەوەشی کێ بوون. لە ناو گێرانەوەی بەساڵاچووانی زێران و هەروەها ناوبەناو لەوانەی لە ئاواییەکانی تفڵی، بنۆڵ و سلێن باسی یۆسف یاسکە دەکەن، هەوەشی وەک خێڵی ماڵەباوانی یاسکە دەبیسترێ. خەڵکی تفڵی و بنۆڵ ئێستەش شاخ و دۆڵی هەوەشی تەنیشت کێوی پیربالێنان و یالی قەور وێسۆ یاسکە بە هەوار و کۆنەدێی تفڵی دادەنن. بەتایبەت لەو بەشەی چیرۆکەکە کاتێ یاسکە داوا لە ماڵەباوانی دەکا فریای بکەون و یۆسفی کوڕی لە زینان ڕزگار بکەن یا دواتر دەڵێ ئێوە چۆن قەبووڵ دەکەن کوڕی من وەک موسڵمانان لەسەر ئەستۆ نەبێت لە گۆڕەکەیدا. خێڵی هەوەشی فریای دەکەون و تا کۆتایی چیرۆکەکە. هەروەها بەساڵاچووانی زێرانیش باس لەوە دەکەن کوڕەکانی یۆسف یاسکە جگە لە زێران، کاتی خۆی مڵک و ماشیان لە چەند ئاوایی دیکەی دەوروبەردا بووە. یەکێ لەو ئاواییانە کلاشی هەوش بووە. جا لەوانەیە ئەویش پێوەندی بە خێڵی هەوەشییەوە بێ.

**سەرنج:**

لەناو شاعیران و زانایانی کۆنی ئێمەدا کەم کەس وەکوو یۆسف یاسکە ژیان و بەسەرهاتی هێندە کاریگەری لەسەر شوێنەواری جوغرافیایی و مێژوویی و فەرهەنگیدا بووە. وتاری بەردەست ئەنجامی چەند ساڵ پشکنین و پێداچوونەوەیە بە ناو بەڵگە و دەستنووس و سەرچاوەکاندا. هەروەها گەڕان لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی چیرۆک و گێرانەوە و گۆرانی لەسەر ئەو کەسایەتیە. لە سۆنگەی ئەو گەڕان و شەنوکەوەدا تا وەکوو ئێستە لە ڕووی ٦ دەستنووس ٢١ پارچە هۆنراوەی یۆسف یاسکەم کۆ کردۆتەوە. هیوادارم وتاری بەردەست ببێتە هەڵێک بۆ وروورژاندنی سەرنجی خوێنەران تا شێعری دیکەی ئەو شاعیرە بدۆزرێتەوە و بۆمانی بنێرن. چونکە بەشێک لەو دەستنووسانە تایبەتی ئەرشیڤی بنەماڵەیی و کەسێتییە.

**سپاسنامە:**

بەشێکی زۆری سەنگایی وتووێژ و وڵامی پرسیارەکان و لێکدانەوەی گرفتەکان لە ئەستۆی خۆشەویستانێ بوو کە جێی خۆیەتی سپاسیان بکەم: غەفار ئیبراهیمی لە جوانڕۆ، عەبدوڵا حەبیبی لە نۆتشە، ئیبراهیم حاجی و ئەمین حاجی لە زەڵم، شەهاب نادری لە زێران، تاریق یارئەحمەدی لە تاران، همایۆن نیکرەفتار لە مەریوان و ئەسکەندەر مورادی لە سنە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:60-91 **المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية**
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سەرچاوەکان**


1. ئەدمۆنز سیسیل، کورد و ترک و عرب (سیاسة ورحلات و بحوث عن الشمال الشرقی من العراق ۱۹۱۹-۱۹۲۵)، وەرگێڕانی جرجیس فتح الله، پەخشانگای ئاراس، هەولێر، ۲۰۱۲
2. ئیبراهیم حاجی زەڵمی، خورماڵ (لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆئەنسرۆپۆلۆژی)، چاپخانەی سیما، چاپی یەکەم، ۲۰۰۸
3. ئیبن ساعی الخازن (م: ٦٧٤ کۆچی)، الجامع المختصر فی عنوان التواریخ و عیون السیر، بەرگی ۹، چاپخانە (مطبعە السریانیە الکاتولیکیە)، بەغداد، ۱۹۳٤
4. ئیبن حوقل خوردادبە (۲۸۰ کۆچی)، المسالک و الممالک، ئامادەکردن: موحەمەد مەخزووم، دارالاحیاء التراث العربی، بەیرووت، ۱۹۸۸
5. ئیبن فەقیهـ هەمەدانی (۲۵۵-۳٤۰ کۆچی)، اخبار البلدان مجموع فی الجغرافیا، ئامادەکردن: فواد سزگین، فرانکفۆرت (ئەڵمان)، ۱۹۸۷
6. ئیبن ئەسیر جزەری، الکامل في التاریخ تاریخ ابن الأثیر، پەخشانگای بیت الأفکار الدولیة، ۲۰۰۹
7. ئەردەڵانی ئیبراهیم کوڕی مەلا ئیسماعیل، دوذیل شرفنامە، ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، ۲۰۰٥
8. ئەزدی یەزید کوڕی موحەمەد، تاریخ الموصل، ئامادەکردن: ئەحمەد عەبدوڵا مەحموود، بەیرووت، ۲۰۰٦
9. ئەمینی کوورش و مورادی مەسعوود، ققنوس اسطورەای زاگرس (زندگی و هنر هیدر نودشەایی استاد مسلم سیاوچەمانە)، گۆڤاری (هنر و موسیقی)، ژمارە ۱۷٥، تاران، ۱۳۹۷ (۲۰۱۸)
10. ئەیازی بورهان، آئینە سنندج، چاپ و پەخشانگا (؟)، سنە، ۱۳٦۰ (۱۹۸۱)
11. بابانی عبدالقادر ڕۆستەم، سیرالاکراد در تاریخ و جغرافیای کردستان، ئامادەکردنی موحەمەد ڕەئووف تەوەکولی، چاپی سێهەم، پەخشانگای تەوەکولی، تاران، ۱۳۹۲ (۲۰۱۲)
12. بدلیسی شەرەفخان، شەرەفنامە، بەرگی ۱ و ۲، وەرگێڕانی: سەلاحەدین ئاشتی، بنکەی ژین و چاپخانەی گوتار، ۲۰۱۷
13. بڵبەری سەید عەبدوڵا، کەشکۆڵی چەند شاعیری کورد، (نووسراو لە ۱۲۵۳-۱۲٦۰کۆچی)، ٥۸ لاپەڕە، ئەرشیڤی سەعید حوسەینی، مەریوان
14. تووداری عبدالصمد، نورالانوار، پەخشانگای حسێنی نەسەب، سنە، ۱۳٦۸ (۱۹۸۹)
15. حەبیبی عەبدوڵا، دیوانوو بێسارانی، چاپی یەکەم، پەخشانگای کوردستان، سنە، ۱۳۹٦ (۲۰۱٦)
16. حەسەن جاف، کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف، بەرگی ۱، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، ۲۰۱٤
17. حەکیم مەلاساڵح، دیوانی بێسارانی، چاپخانەی میهەن، سنە، ۱۳۷٥ (۱۹۹٦)
18. سەعید ناکام، کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ۱۹۷۹
19. خەزنەدار مارف، مێژووی ئەدەبی کورد، بەرگی ۲، چاپی یەکەم، پەخشانگای ئاراس، هەولێر، ۲۰۰۲
20. دێن گارسیا سیلوا فیگوئروا، سفرنامە سفیر اسپانیا در دربار شا عباس اول، وەرگێڕانی غوڵامڕەزا سەمیعی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نشر نو، تاران، ۱۳٦۳ (۱۹۸٤)
21. ڕەزاقولی موحەمەد ڕەستگار، چوار سەدە ئەدەبی نووسراوەی کوردی، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ۱۷۰، ۲۰۱٥
22. ڕەزاقولی موحەمەد ڕەستگار، یوسف یاسکە شاعری کرد از صدە دوازدهم هجری، هفتەنامە ڕۆژان، سنە، ژمارە ٦۹، ۱۳۹٤ (۲۰۱٥)
23. ڕەزاقولی موحەمەد ڕەستگار، یۆسف یاسکە شاعیری سەدەی دوازدەی کۆچی مانگی، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ۱۷٥، ۲۰۱٦
24. زرار سدیق توفیق، لە بارەی مێژوو و کولتووری کوردییەوە، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری جەماڵ عیرفان، سلێمانی، ۲۰۲۱
25. ژین (ڕۆژنامە)، ژمارە ۱۳۹٥، (شعر و شاعرەکانمان: یوسف یاسکە ۱)، مامۆستا نەجمەدین مەلا، سلێمانی، ۱۹٥۷
26. ساڵحی مەحیەدین، سرود بادیە: در احوالی و آثار شعرای کورد و لک و لر، پەخشانگای کوردستان، سنە، ۱۳۸۰ (۲۰۰۱)
27. سوڵتانی موحەمەد عەلی، حدیقە سلطانی: احوال و آثار شاعران برجستە کرد و کردی‌سرایان کرمانشاە از عهد تیمور تا عهد حاضر، بەرگی ۳، چاپی یەکەم، پەخشانگای سۆها، تاران، ۱۳۷۹ (۲۰۰۰)
28. سوڵتانی ئەنوەر، کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی گۆرانی (کەشکۆڵی شێخ عبدالمومن مەردۆخی)، پەخشانگا تراستی سۆن، لەندەن، ۱۹۹۸


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

29. سوڵتانی ئەنوەر، کۆنترین دەستخەتی شیعرەکانی بێسارانی پارێزراو لە دارالمخطوطاتی بەغدا، ژمارە ۹، گۆڤاری کەشکۆڵ، مەهاباد، ۲۰۱۸
30. سەجادی عەلائەدین، مێژووی ئەدەبی کورد، پەخشانگای کوردستان، چاپ دووەم، سنە، ۱۳۹۵ (۲۰۱٦)
31. سەمەدی عەبدوڵا، تاملی بر کشکول محمود پاشا جاف و فهرست اشعار شاعران کرد در آن، گۆڤاری کەشکۆڵ (گۆڤاری دەستنووسەکانی ناوچە کوردنشینەکان)، ژمارە ۲، مەهاباد، ۱۳۹٤ (۲۰۱٤)
32. شاخەوان سدیق، ئەدەبیاتی هەورامی و چەند باسێک، وتارەکانی کونگرەی ئەدەبی هەورامی لە هەڵەبجە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ۲۰۲۱
33. شەریفی ئەحمەد، مەحزوونی یا بێسارانی، ژمارە ۷، گۆڤاری گزینگ، سوید، ۱۹۹٥
34. شەریفی مەحموود، کەشکۆڵی ڕەنگاوڕەنگ، (نووسراو لە ۱۹۷۰-۱۹۹۸)، ئەرشیڤی عومەر بووتیمار لە ئاوایی پیرسەفای مەریوان
35. شەیدا قازی عەبدوڵا مەردۆخی، تاریخ سلاطین هورامان، ئامادەکردنی ئەحمەد نەزیری، پەخشانگای پەرتەو بەیان، سنە، ۱۳۸۳ (۲۰۰٤)
36. عەبدوڕەقیب یوسف، ئەشکەوتی خان ئەحمەد خان و قەڵات و شوورەی زەڵم، گۆڤاری مێژوو، ژمارە ۸، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری مێژوویی کوردستان، هەولێر، پاییزی ۲۰۰۸
37. عومەر ئیسماعیل مارف، قەڵای وسوو ئاسکە لە دەربەند دەستکردی خان ئەحمەد خانی والی ئەردەڵان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ۷۷۹۹، دووشەمە ۲۰۱۹/۰۲/۲٥
38. عومەری ئیبن فەزلوڵا، مسالک الابصار فی ممالک الامصار، سەفەر ۳، ئامادەکردن: ئەحمەد عەبدولقادر شازەلی، ئەبووزەبی، ۲۰۰٤
39. عەلیخانی ڕۆستەم، تاریخ والیان اردلان، چاپی یەکەم، پەخشانگای کالج، سنە، ۱۳۹٥ (۲۰۱٦)
40. عەلیخانی ڕۆستەم، یوسف بیلواری شاعر و خواننده عهد صفوی، چاپی یەکەم، پەخشانگای کالج، سنە، ۱۳۹٤ (۲۰۱٤)
41. فەخری موسلیم، بێسارانی و خاڵی ونبوو، گۆڤاری سروە، ژمارە ۱۷۳، ورمێ، ۱۳۷۹ (۲۰۰۰)
42. قازی مەلا موحەمەد شەریف، زبدة التواریخ سنندجی در تاریخ کردستان، ئامادەکردنی موحەمەد ڕەئووفی تەوەکولی، چاپی دووەم، پەخشانگای تەوەکولی، تاران، ۱۳۸۷ (۲۰۰۸)
43. قەرەداغی موحەمەد عەلی، دیوانی ڕەنجووری (مەلا عومەری زەنگەنە)، چاپخانە آفاق عربیة، بەغداد، ۱۹۸۳
44. قەرەداغی موحەمەد عەلی، بەرەو پرۆژەی دەستخەتە کوردییەکان (دیوانی بێسارانی و بنەماڵەی قەرداغی)، ژمارە ۲۰۲۹، ڕۆژنامەی هاوکاری، ۱۱ ئەیلوولی ۱۹۹٤
45. قەرەداغی موحەمەد عەلی، دیوانی مەولەوی، بەرگی ۱ و ۲، بڵاوکراوەکانی ئاکادمیای کوردی هەولێر، ۲۰۱٥
46. حەسەن کۆچ، مەڵبەندەکانی بەڕێوەبردنی شارەزوور لە سەردەمی عوسمانیدا، وەرگێر: کامەران کوردەوار، ژمارە ۲٥ گۆڤاری خاڵ، سەنتەری زەهاوی لە سلێمانی، ۲۰۲۰
47. کەماڵ فواد، دەستنووسی یاداشتی کاتی وانەگوتنەوە لە بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی – ساڵی ۱۹۷۲، ئەرشیڤی کتێبخانەی دکتۆر کەماڵ فواد لە بنکەی ژین، سلێمانی
48. موحەمەد یۆسف والە قەزوینی ئێسفەهانی، خلد برین (ایران در زمان شاه صفی و شاه عباس دوم)، ئامادەکردنی موحەمەد ڕەزا نەسیری، چاپی یەکەم، پەخشانگای انجمن آثار مفاخر ایران، تاران، ۱۳۸۰ (۲۰۰۱)
49. مودەڕس مەلا عەبدولکەریم، بنەماڵەی زانیاران، پەخشانگای کتێبی کانی، سنە، ۱۳۸۹ (۲۰۱۰)
50. موفتیزادە موحەمەد سدیق، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی، ئامادەکردنی موحەمەد عەلی قەرەداغی، لە بڵاوکراوەکانی ئاکادمیای کوردی، هەولێر، ۲۰۱۸
51. مونشی ئەسکەندەر بەگ، تاریخ عالم آرای عباسی، ئامادەکردنی فەرید مورادی، بەرگی ۱-۲-۳، پەخشانگای نگاه، تاران، ۱۳۹۰ (۲۰۱۰)
52. مونەجم مەلا جەلالەدین، تاریخ عباسی یا روزنامه ملا جلال، ئامادەکردنی سەیفوڵا وەحیدنیا، پەخشانگای وەحید، تاران، ۱۳٦٦ (۱۹۸۷)
53. مورادی ئیرەج، فەرهەنگی ڕووەکناسی کوردستان، پەخشانگای کانی، سنە، ۲۰۱٥
54. مورادی ئیرەج، شاعیرانی کۆنی کەلاتەرزان، بەرگی ۱، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سۆران، ۲۰۱۹


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

55. موکری موحەمەد، نسخ خطی دو کتاب سراج الطریق و ریاض الخلود: ابوبکر هدایة الله الحسینی الگورانی الکردی الشاهویی، گۆڤاری یادگار، ژماره ٤٦ و ٤٧، تاران، ١٣٢٧ (١٩٤٨)
56. مینۆرسکی ڤلادیمیر، مینۆرسکی و کرد، وەرگێرانی ئەنوەری سوڵتانی، چاپەمەنی مانگ، بانه، ٢٠١٨
57. مەردۆخ شێخ موحەمەد، تاریخ کورد و کردستان و توابع یا تاریخ مردوخ، بەرگی ٢، چاپی یەکەم، چاپخانه غەریقی، سنه، ١٣٥٢ (١٩٧٣)
58. مەستووره ئەردەڵان، تاریخ کردهای اردلان (تتمه زبدة التواریخ سنندجی اثر محمد شریف قاضی اردلان)، ئامادەکردنی سیامەند خەلیلی، چاپی یەکەم، پەخشانگای کوردستان، سنه، ١٣٩٣ (٢٠١٣)
59. مەستووره ئەردەڵان، تاریخ ئەردەڵان، ئامادەکردن: ناسر ئازادپوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەهرامی، کرماشان، ١٣٣٢ (١٩٥٣)
60. مەئموون بەگ، مذکرات مامون بک بن بیکه بک، ئامادەکردن: موحەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی و شوکور موستەفا، چاپخانه مطبعه المجمع العلمی العراق، بەغداد، ١٩٨٠
61. وەقایع نگار کوردستانی عەلی ئەکبەر، حدیقه ناصریه و مرآت الظفر در جغرافیا و تاریخ کردستان، ئامادەکردنی موحەمەد ڕەئووف تەوەکولی، چاپی دووەم، پەخشانگای تەوەکولی، تاران، ١٣٨٤ (٢٠٠٥)
62. یاقووت حەمەوی (٥٧٤-٦٢٦ کۆچی)، معجم البلدان، بەرگی ٣، پەخشانگای دارصادر، بەیرووت، ١٩٧٧

**پەراوێز:**

١* بەپێی یاداشتی مێژوونووسان بوونی گیای دەرمانی [حب الزلم] لەو دەربەندیه کە بە زەڵم ناو نراوە. ئەو گیایە لە کۆنەوە بۆ بەهێزکردنی مەیلی جنسی بەکار هاتووە. (یاقووت حەمەوی، ١٩٧٧: ١٤٦/٣) ئەو گیایە تایبەتی کەناری ڕووبار و شەتاو و ئاوەکانە. جۆرێکە لە گیای (سمڵ یا ڕەبناڵۆک) کە ئێستەش لە ناوچەی مەریوان و هەورامان بە (زەڵمە) دەناسرێتەوە. (مورادی، ٢٠١٥: ١٣٤ و ٢٨٥)

٢* مەلا ئەبووبەکری موسەنیف [٩٠٩-١٠١٤ کۆچی] ١١٤ ساڵ پاش کابلەسوور بووەتە ئیمامی مزگەوتەسووره و زۆربەی دانراوەکانی لەوێ تەواو کردووە. پێشتر دەوروبەری ٨٥٠ کۆچی میر حەمزەی بابان و دوازده سوارەکەی مەریوان لەوێ قەڵایان دامەزراندووە و ئیمام ئەحمەدی ئەنباری بووەتە ئیمامی مزگەوتەسوورەی [لای کۆنەدێی کانیبا]. بابا خان ئەردەڵان کە یەکێک لە موریدەکانی موسەنیف بووە کاتی خۆی مزگەوتەسوورەی نۆژەن کردۆتەوە. موسەنیف دوای ١٨ ساڵ لەو مزگەوتە چووەتە ئاوایی مووشڵە [وشکێنی ئیستە] و دوای ساڵێ چووەتە چۆڕ. هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە. (تووداری، ١٩٨٩: ١٠٤-١٠٥) [خەڵک کاتێ بینییان ئەو بەردەی شەوانە موسەنیف چرای لەسەر دادەنێ و لەبەری دەخوێنێتەوە، بەردەکە زیاتر لە چراکە ڕووناکایی هەیە، هەروەها دارەڕای ژوورەکەی ٣ زەرع بەرزەوە دەبێ و ئەنیشێتەوە، بۆیە هەڵۆخان و وەڵەدخان چوونە زیارەتی و نیوەی دێی نەنەی پێ دەبەخشن. دواتر موسەنیف لای کانی چۆڕی نەنە بناغەی ئاوایی چۆڕ دادەنێ. (تووداری، ١٩٨٩: ٩٦) موسەنیف بەپێی شێعرێکی خۆی لە (ریاض الخلود) کە لە کوێستانی [قەلەبەرد لە بن دارپەڵکەکانی چلەخانە] نووسیویە ساڵی ٩٨٩ کۆچی نیشتەجێ چۆڕ بووە: (موکری، ١٩٤٨: ٣٨-٤٨)

| | |
|---|---|
| در آن دم کاین معانی روی بنمود | ز هجرت نهصد و هشتاد و نه بود... |
| خصوصا بنده را در کوهساری | دهی بود از ولایت برکناری |
| گهی از ظالمان اهل اسلام | به غارت می‌شدی هر صبح و هر شام |
| گهی از جور مامور قزلباش | نهان می‌گشتم اندر شعب به هر تاش... |

گارسیا ١٠٢٨ کۆچی هەڵۆخانی بە حەیدەر خان و خان ئەحمەدی بە میرزا خان نووسیوە (دێن گارسیا، ١٩٨٤: ٢٨٤-٢٨٦) ئەوەی کە باسی وەڵەدخانیش دەکرێ دەبێ هەمان تەیموور خانی (مردن: ٩٩٨ کۆچی) برای هەڵۆخان بێ. لە نێوان ئاوایی سێفەتاڵە و سیانزاری سەرشیوی سەقز شاخ و قەڵای وەڵەوخان هەیە. تەنانەت لە پاڵ کانیاوی داوێنی شاخەکە مەزارەکەی ماوە. خەڵکی ئەوێ دەیگێڕنەوە شوێنی شەڕی وەڵەوخان بووە لەگەڵ سپای ڕۆم (عوسمانی). لە دیوی شلێر لە ئاوایی وێنە و دارۆخان قەڵایەک بە ناوی دارۆخان هەیە. گوایە دارۆخان فەرماندەیەکی بەئەمەگی وەڵەوخان بووە. کاتێ ڕۆم هێرش دەکا دارۆخان نامەیەک بە فەقێ

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

یوسف ئەنێرێ بۆ وەڵەوخان. لە دەشتی یەسووی دارۆخان ڕۆمیەکان دەیگرن. ئەویش نامەکە قووت ئەدا. ملی دەبڕنەوە و هەڵیدەدڕن کە ناوەرۆکی نامەکە بزانن، بەڵام نامەکە تازە بووەتە هەویر. ئیستەش لەو ناوچە پەندێ هەیە، دەڵێن: میر و شای کورد دەبێ ئەمەگداری وەک دارۆخان و فەقێ یەسووی هەبێ. کەواتە بابا خانی ئەردەڵان هەمان سوڵتان عەلی (٩٨١-٩٨٤ کۆچی) باوکی هەڵۆخانە. لە ڕووی ئەو باسانە وا دەر ئەکەوێ موسەنیف سەردەمی سوڵتان عەلی (٩٨١-٩٨٤ کۆچی) یا تەیموور خان (٩٨٨-٩٩٨) چووەتە مزگەوتەسوورە نەک هەڵۆخان. خاڵێکیتر کە پێویستە باس بکرێ ناوەرۆکی دوو یاداشتی (ژمارە ٥٩ و ٤٤ دەفاتر مهیمە عوسمانی) فەرمانی سوڵتانی عوسمانی بۆ میرانی قەڵاکانی دەوروبەری میرنشینی ئەردەڵانە. ئەو دوو فەرمانە ڕێکەوتی ٩٩٠ و ٩٩٣ کۆچی پێوەیە کە داوا کراوە تەیموورخان نیشتەجێ قەڵای سنە ڕادەستی عوسمانیەکان بکەن. چونکە ئەو میرەی ئەردەڵان تاوێ بە لای عوسمانیەکان و تاوێ بە لای سەفەویەدا بای داوەتەوە. (مورادی، ٢٠١٩: ٩) کەواتە ئەمە جێی سەرنجە کە ئەو سەردەمە کە قەڵای حەسەناوا و مەریوان و پاڵنگان و زەڵم پایتەختی ئەردەڵانەکان بووە، قەڵای سنە جێگە و پێگەی چۆن بووە. شاری سنە بۆخۆی ١٠٤٦ بنیات نراوە. ئەڵبەت پێشتر ئاواییەک بە ناوی سینە لەو شوێنەدا بووە. (قازی، ٢٠٠٨: ٢٨؛ وەقایع نگاری کوردستانی، ٢٠٠٥: ٩٦).

٣* بەساڵاچووەکانی چۆڕ و نەنە باسی ئەوە دەکەن دوای مردنی بابا خان، نەنە شاهـ جەهان و دوو کوڕەکەی (هەڵۆ و تەیموور) لە قەڵای نەنە نیشتەجێ بوون. هەر بۆیە بەو ناوەوە ناسراوەتەوە. وێدەچێ ئەم گێرانەوەیە ڕاست بێ. چونکا نورالانوار (نووسین: ١٠٩٩ کۆچی) لە باسی سەردانی کردنی هەڵۆخان و وەڵەدخان باسی ئەوە دەکا کە چوونەتە زیارەتی موسەنیف و چاویان بە چرای شەوانەی کەوتووە و کەراماتی ئەو پیاوەیان بینیوە و دواتر مڵکی کانی چۆڕیان لە نەنە پێ داوە. (تووداری، ١٩٨٩: ٩٦)

**وێنە و بەڵگە**




**وێنەی ژمارە (١)**

مەزاری شێخ عبدالمومن مەردۆخی (نوسەری کەشکۆڵەکە) لە گۆڕستانی شێخ شمس‌الدین مەردۆخی – ئاوایی دەرەهەرد، بەرپلەی ساراڵ لە مەریوان



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:60-91



**وێنەی ژمارە (٢)**

شێعری (مەولام پەڕ جە دەرد) و (جە بێسارانی ماڵ) یۆسف یاسکە و (یۆسف دارایی) مەلا موستەفا بێسارانی – دەستنووسی کتێبخانەی بریتانیا بە ژمارە (or.6444)




**وێنەی ژمارە (٣)**

شێعری (یاسکە یاوا) یۆسف یاسکە و (یا شا ڕەها بۆ) یاسکە – دەستنووسی کتێبخانەی بریتانیا بە ژمارە (or.6444)


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



**وێنەی ژمارە (٤)**

شێعری (یا شا ڕەها بۆ)ی یاسکە – کەشکۆڵی سەید عەبدوڵا بڵبەری نووسراو لە ١٢٥٣ کۆچی




**وێنەی ژمارە (٥)**

شێعری (یا شا ڕەها بۆ)ی یاسکە – کەشکۆڵی سەید عەبدوڵا بڵبەری نووسراو لە ١٢٥٣ کۆچی

شێعری (جە بێساران ماڵ) یۆسف یاسکە و (یۆسف کەم نیەن) مەلا موستەفا بێسارانی – دەستنووسی سەید ئیسماعیل نووسراو لە ١٢١٤ کۆچی.



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



**وێنەی ژمارە (٦)**

شێعری (قیبلەم بێ دەرد بۆ) یۆسف یاسکە– دەستنووسی عبدالقادر کوڕی خضر چاوش نووسراو لە ١٢٤٥ کۆچی





**وێنەی ژمارە (٧)**

شێعری (نەوبەهار نە خاک) یۆسف یاسکە– دەستنووسی فەقێ ڕەحیم نووسراو لە ١٢٤٥ کۆچی لە گوندی ڕیشێن

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

*المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية*
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



**وێنەی ژمارە (٨)**

باسی نۆژەنکردنەوەی قەڵای پژدەر ناسراو بە قەڵاتی وسوو ئاسکە لە دەربەندی ڕانیە – پەراوێزی دەستنووسی ژمارە ٣٠٧٧-٣٠٨٢ کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی




**وێنەی ژمارە (٩)**

قەڵای وسوو ئاسکە لە دەربەندی ڕەمکانی ڕانیە لە نێوان گوندی خڕەجۆ و شاخی کۆلارەی ئاسۆس
(ئەرشیڤی عومەر ئیسماعیل لە قەڵادزێ)


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



**وێنەی ژمارە (١٠)**

باسی کوشتنی یۆسف یاسکە لە کەشکۆڵی مەحموودی شەریفی (ئەرشیڤی عومەر بووتیمار لە مەریوان)



**وێنەی ژمارە (١١)**

سەکۆی (تەختی) خاتوو کلاوزەڕ لە تەنیشتی قەڵای خان ئەحمەد خان لە زەڵم (ئەرشیڤی ئیبراهیم حاجی زەڵمی)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص: 60-91 **المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية**
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



**وێنەی ژمارە (١٢)**
شوێنی زیندە بەچاڵکردنی یۆسف یاسکە، بەرانبەر قەڵای خان ئەحمەد خان لە زەڵم (ئەرشیڤی ئیبراهیم حاجی زەڵمی)



**وێنەی ژمارە (١٣)**
شاخی پیر باڵێنان لە پشتی هەواری هەوەشی بەرەو شاخی هەورامانی تەخت لە نێوان ئاواییەکانی تفڵی و بنۆڵ


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



**وێنەی ژمارە (١٤)**

گۆڕستانی ناسراو بە (ئامان خاتوو) لە لووتکەی یەکەمی قەڵای هەڵۆخان – پشت ئاوایی بەرقەڵای مەریوان




**وێنەی ژمارە (١٥)**

کێلێکی نەناسراو لە ناو گۆڕستانی (ئامان خاتوو): ... المغفور مزار علی آقا ابن سهراب

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



**وێنەی ژمارە (١٥)**

کێلی سەر مەزاری باوکی هەڵۆخان لە گۆڕستانی (ئامان خاتوو)

المرحوم امیر سلطان علی سلطان اردلان (ئەرشیڤی ئەنوەر ڕەوشەن لە مەریوان)


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)